کاتێک ڕیفراندۆم کرا، بینیمان هەموو لایەک بە پەرۆشەوە کە زانییان ناتوانن ڕێگری لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بکەن، هاتنە سەر سندووقی دەنگدان و کێبڕکێیان بوو کە کێ زیاتر لە شاشەی تەلەڤزیۆن دەربچێت. ئێستاش ئەگەر ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم بە شێوازێکیتر بووایە، وەکوو ئەو مردارخۆرانەی دێنە سەر لاشەی مرداری دەستکەوتی خەڵکیتر، خۆیان دەکردە خاوەنی دەستکەوتەکانی ڕیفراندۆم.

ئەو کاتەی کە پێشمەرگەکانی پارتی و ڕێبازی بارزانی و تێکۆشەرانی کوردستان لە سەنگەری خەبات و بەرگریدا بوون، لایەن هەبووە ئەندامەکانی هانی خەڵکی داوە بچێت پەیوەندی بە داعشەوە بکات، ئێستاش داوای دەنگی ئێوە دەکەن.

ئێمە خاوەن حزبێکین کە تا بڵێی یەکگرتووە، یەک دەنگە، یەک هەڵوێستە، لەژێر سەرکردایەتیی یەک سەرۆکە و خاوەنی یەک پەیامە. جیاوازیی پارتی لەمەدایە، ئەگەر سەیر بکەن، لایەنەکانی دیکە پەرتەوازە بوون و لەتلەت بوون و ئەزمەی سەرکردایەتیکردنیان هەیە، ئەوەی نەتوانێ نێومالّی حزبەکەی خۆی ڕێک بخات، چۆن نێومالّی کوردستان ڕێک دەخات؟

من ئەو داوایەتان لێ دەکەم بۆ ئەوەی بەرپەرچی ئەو کەسە خائینانە بدەنەوە کە هەوڵی شکستپێهێنانی ڕیفراندۆمیان دا، کە کەرکووک و خاکیان فرۆشت، ئێستا ئێوە بە پشتگیریی خۆتان بۆ پارتی و بە دەنگدانتان بۆ کاندیدەکانی پارتی، وەڵامی هەموویان بدەنەوە کە ئێوە سوورن لەسەر بەدەستهێنانی ئەو مافە کە خۆتان خاوەنین.


پارتی دیموکراتی
KDP
1946




# هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پارتی و داکۆکیکردن لە مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان

هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پارتی بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی عێراق، جیا لەوەی یەك دوو ڕۆژ لەدوای هەڵمەتی حزب و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان دەستی پێکرد، لە هەمانکاتدا لە هەفتەی یەکەمیشدا زۆر خۆی نەخزاندە ناو ئەو هەڵمەتەی کە بەشی زۆری لایەنەکان دەستیان پێ کردبوو، وەك ئەوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بێت، نەك پەرلەمانی عێراق.

بەرنامە و پلانی پارتی بۆ هەڵمەتی ئەمجارەی هەڵبژاردن بە پلەی یەکەم لە پێناوی ئەوە بوو کە ئەو حزب و لایەنە سیاسییانەی بە دژایەتی پارتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵمەتەکانیان دەست پێدەکەن، تەواوی ماهییەتی خۆیان بۆ خەڵکی کوردستان ئاشکرا بکەن، بەپلەی دووەمیش خۆپاراستن بوو لەو هەڵمەتە ناشارستانییەی ئەو حزب و لایەنە سیاسییانەی کە دەیانویست پارتی بخزێنە ناوی و لە پاراستنی مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان دووری بخەنەوە.

سیماو مەغزای دروشم و بانگەشەی ئەو لایەنانەی بە دژایەتی پارتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستیان پێکردووە و هەتا ئێستاش لەسەری بەردەوامن، ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە ئەو حزب و لایەنە سیاسییانە زۆر باش لەو ڕاستییە گەیشتبن، ئەگەر هەموو هەوڵەکانیان بۆ لاوازکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان نەخەنەگەڕ، ئەوا ئەو ئامانجەی بۆی ڕاسپێردراون، بە بوونی پارتی بۆیان نایەتەدی، لایەنی بەرامبەریش کاتێك پارتی بە بەهێزی دەبینێت، ئەوان دەخاتە پەراوێزەوە و هیچ حیسابێکیان بۆ ناکات، بەڵام لەبەرامبەر مەرامی ئەو حزب و لایەنە سیاسییانەدا، پرسیار ئەوەیە: ئایا خەڵکی کوردستان ڕێگە دەدەن پارتی لاواز بێت، یان بە لاوازی بچێتە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە وەك لە میانەی ئەم یەك دوو هەفتەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان هەستی پێکراوە، بەرەو ئەو ئاراستەیە دەچێت کە خەڵکی کوردستان باش لەو ڕاستییە تێگەیشتوون، ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان بەهێز نەبوایەو قارەمانەتی پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی پارتی نەبوایە کە لە بەرەکانی شەڕی (مەحموودیە و پردێ و سحێلا) لووتی هێزەکانی حەشدی شەعبییان شکاند، ئێستا بارودۆخی (هەولێر و سلێمانی و دهۆك)یش لە بارودۆخی کەرکووك و




# عەبدوڵا محەمەد سەعید

## کاندیدی ژمارە ٦
## لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

**دەنگ دەدەین بەپارتی دیموکراتی کوردستان:**

**١. بۆ پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان.**
**٢. بۆ چەسپاندنی ریفراندۆم.**
**٣. جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق**
**٤. سەقامگیری و ئاسایشی هەرێمی کوردستان.**

**پارتی بەهێزترین داکۆکیکار دەبێت لە مافەکانی گەلی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق**

دوز خورماتوو و تەواوی ئەو ناوچانەی دیکە باشتر نەدەبوو کە بە هۆی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە هێزەکانی حەشدی شەعبی داگیریان کردەوە.

لە مێژووی بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستاندا، کەرکووك تەنیا ناوچەی کوردستانی داگیرکراو نەبووە لەلایەن رژێمەکانی عێراقەوە، بەڵام هەموو کات دانوستانەکانی نێوان شۆڕشی کوردستان و رژێمەکانی بەغدا لەسەر کەرکووك شکستیان هێناوەو کەرکووك هەموو رەمزی سەرکەوتنی ئیرادەی گەلی کوردستان بووە، لەم چوارچێوەیەدا کاتێك دەستی خیانەت لە ١٦ی ئۆکتۆبەر کەرکووکی تەسلیمی هێزەکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق کرد، پارتی دیموکراتی کوردستان تەنیا حزبی سیاسی کوردستان بوو کە ئەمری واقیعی داگیرکردنی کەرکووکی قبووڵ نەکرد و بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی کەرکووکی کرد. ئەم هەڵوێستەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە بە باشی تەفەهوم دەکرێت، بەڵام زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان کە نەیانتوانی لە بازنەی بیرکردنەوەی تەسکی حزبایەتی بێنەدەرەوەو بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی کەرکووك بکەن، جیا لەوەی زۆر بێ شەرمانە لە تیڤییەکانەوە بەناوی ئەوەی با دەنگی کورد لە کەرکووك کەم نەکات، داوا دەکەن هەوادار و لایەنگرانی پارتی لە کەرکووك دەنگ بە خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر بدەن، لە هەمان کاتیشدا بۆ شاردنەوەی هەڵوێستە هەڵەکانیان باس لەوە دەکەن، پارتی بۆچی تەنیا لە کەرکووك بایکۆتی راگەیاندووە و لە شوێنە داگیرکراوەکانی دیکە بەشداری دەکات؟ دیارە لەم هەڵبژاردنەدا خەڵکی کوردستان وەڵامی بیرکردنەوەی بچووکی ئەو هێز و لایەنانە دەداتەوە و پێیان دەڵێت: بەشداریکردنی پارتی لە کەرکووك، واتە دانان بە تەسلیمبوونی کۆی ئیرادەی خەڵکی کوردستان و پشتکردنە کۆی خوێنی هەموو ئەو شەهیدانەی کە بە درێژایی مێژووی شۆڕشەکانی کوردستان گیانی خۆیان کردۆتە قوربانی. هەروەها سەبارەت بەوەشی کە داوا دەکەن، ئەندام و هەوادار و لایەنگرانی پارتی دەنگ بە لایەنەکانی دیکە بدەن، ئەوا دەبێت لەوەش دڵنیا بن ئەو خەڵکانەی ئەندام و لایەنگر و هەواداری پارتی دیموکراتی کوردستانن، باش لە هەڵوێستی پارتی خۆیان تێگەیشتوون و دەزانن دەنگدان لە کەرکووکدا واتە سپیکردنەوەی رووی رەشی




خیانەتکارانی ١٦ی ئۆکتۆبەر و کەرکووکییان هەر خۆیان لە بەرەبەیانی ١٦ی ئۆکتۆبەر رووی ئەو تاقمەیان رەشکرد و ناشیانەوێت ئەو رووڕەشییەشیان بەسەردا تێبپەڕێت.

دروشمێکی دیکەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی هەندێك لایەنی سیاسی بەگشتی و لایەنەکانی (کۆمەڵی ئیسلامی و گۆڕان و بەشێکی یەکێتی) بەتایبەتی هێرشکردنە بۆ سەر ئەو ریفراندۆمەی کە ٩٣٪ی خەڵکی کوردستان و سەرۆکی ئەو حزبانەش بە (بەڵێ) دەنگیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان داوە، هەر بۆ نموونە عەلی باپیر بە «ریفراندۆمێکی شکست خواردوو» ناوی دەبات و یوسف محەمەد سەرۆکی لیستی گۆڕان داوا دەکات «ئەوەی دەنگی بە ریفراندۆم داوە، دەبێت دادگایی بکرێت»! ئەم حزبانە بە دژایەتیکردنی ریفراندۆم رووی راستەقینەی نانیشتمانیی خۆیان پیشانی خەڵکی کوردستان دەدەن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لەو وڵاتانەی کە فرەنەتەوەن و سیستمی فیدراڵی تیادا پیادە کراوە، حزبەکانی ئەو وڵاتانە کاتێك بەشداری لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی فیدراڵی دەکەن، دروشمەکانیان رووی لە حکومەتی فیدراڵییە و داکۆکی لەسەر مافی گەلەکانیان دەکەن و بەدەنگی بەرز حکومەتی فیدراڵی ئاگادار دەکەنەوە، ئەگەر حکومەتی فیدراڵی ریز لە یەکێتی ئارەزوومەندانەی نەتەوەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتە فیدراڵییەکە نەگرێت، ئەوا گەلەکەیان ناچار دەبێت پەنا بۆ ریفراندۆم بەرێت، بەڵام بەداخەوە ئەم حزبە نانیشتمانییانەی کوردستان لەگەڵ ئەوەی باش دەزانن دەوڵەتی عێراق نەیتوانیوە (تەنیا بە ناویش) بیسەلمێنێت کە دەوڵەتێکی فیدراڵییە،

**بەشداریکردنی پارتی لە کەرکووک، واتە دانانی بە تەسلیمبوونی کۆی ئیرادەی خەڵکی کوردستان و پشتکردنە کۆی خوێنی هەموو ئەو شەهیدانەی کە بە درێژای مێژووی شۆڕشەکانی کوردستان گیانی خۆیان کردۆتە قوربانی**

**زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان کە نەیانتوانی لە بازنەی بیرکردنەوەی تەسکی حزبایەتی بێنە دەرەوەو بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی کەرکووک بکەن، جیا لەوەی زۆر بێ شەرمانە لە تیڤییەکانەوە بەناوی ئەوەی با دەنگی کورد لە کەرکووک کەم نەکات، داوا دەکەن هەوادار و لایەنگرانی پارتی لە کەرکووک دەنگ بە خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر بدەن**

**کاتێک دەستی خیانەت لە ١٦ی ئۆکتۆبەر کەرکووکی تەسلیمی هێزەکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق کرد، پارتی دیموکراتی کوردستان تەنیا حزبی سیاسی کوردستان بوو کە ئەمری واقیعی داگیرکردنی کەرکووکی قبووڵ نەکرد و بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی کەرکووکی کرد**



هەروەها باش دەزانن، هۆكاری سەرەكی و بنەڕەتی بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم ئەوە بوو كە حكومەتی عێراق (٥٥) ماددەی دەستووری دژی هەرێمی كوردستان پێشێل كردووە، كەچی ژمارەیەك حزب و لایەن بێ شەرمانە دێن و ئیرادەی گەلی خۆیان دەشكێنن و پاكانەی بەلاش بۆ پێشێلكارییە دەستوورییەكانی عێراق پێشكەشی عەرەبی شیعەو سوننەی عێراق دەكەن.

دوای ئەوەی لە هەفتەی یەكەم و دووەمی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن، بەرنامە و پلانی زۆربەی حزبەكان دژی پارتی و حكومەتی هەرێمی كوردستان دەركەوت، ئێستا خەڵكی كوردستان دەزانێت بۆچی پارتی لەو حزبانە جیاوازە و بۆچی هەڵمەتی هەڵبژاردنەكانی بە هێمنی و دوور لە دەمارگیری و هەڵچوون بەڕێوە برد و تێگەیشتوون كە پارتی لەم هەڵبژاردنە ئامانجی ئەوەیە بە بەهێزی نوێنەرایەتی خەڵكی كوردستان بكات و لەسەر بنەمای ئەو ئیرادەی كە بە رێژەی ٩٣٪ی دەنگی بۆ سەربەخۆیی كوردستان داوە، سەرلەنوێ دانوستاندن بۆ پێكهێنانی حكومەتی داهاتووی عێراق دەست پێ بكاتەوە، بە مانایەكی دیكە پارتی بارودۆخی پرۆسەی سیاسیی عێراق دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی وەك ساڵی ٢٠٠٥ داكۆكی لە جێبەجێكردنی دەستوور بكات، وەك یەك پاكێج لە دیباجەكەیەوە تا دوایین ماددەو جارێكی دیكە دەیەوێت بە ئەقڵییەتی مەزهەبگەرای عێراق بڵێتەوە: ئەم دەستوورە رایەڵەی هەموو پەیوەندییەكانی نێوان كوردستان و عێراقە، ئەگەر ئەم دەستوورە پێشێل بكرێت، ئەوا ئەو رایەڵە بوونی نامێنێت و جارێكی دیكە گەلی كوردستان ئازادە چ بڕیارێك دەدات.




# تۆفیق محەمەد ئەحمەد

## كاندیدی ژمارە ٧
## لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموكراتی كوردستان:

لە چوارچێوەی كارنامەی پارتی دیموكراتی كوردستان كاردەكەم بۆ ئەوەی كەرامەتی خەڵكی كوردستان و قەوارەی سیاسیی هەرێمی كوردستان پارێزراو بێ و مافی دەستووریی هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستان نەكەوێتە مەترسیی زیاتر. بە پشت بەستن بە مێژووی پڕ سەروەریی پارتی دیموكراتی كوردستان و هەڵوێستە نەتەوەییە نەگۆڕەكانی و پێگەی بەهێزی پارتی و حكومەتی هەرێمی كوردستان لە گۆڕەپانی سیاسی و دیپلۆماسی لەسەر ئاستی ناوچەكە و جیهاندا، بە باوەڕ بەخۆبوون و ئەزموونی چەندین ساڵەم كار دەكەم بۆ بەدەستهێنانی سەرجەم شایستەكانی خەڵكی كوردستان لەهەموو سێكتەرەكان.



## سەڵاح دەلۆ

بەرپرسی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووک بۆ گوڵان:

# بایکۆتکردنمان لە کەرکووکدا بەرگرییە لەو شارە و نامانەوێت ڕەوایەتی بە داگیرکاری بدەین

## داستانەکانی پردێ و سحێلا و مەحموودییە دۆخی شەڕیان گۆڕی بۆ دانوستان

ئاشکرایە بارودۆخێکی نەخوازراو باڵی بەسەر شاری کەرکووکدا کێشاوە، ئەوەتا سەرەڕای ئەوەی دۆخی ئەمنی و ئیداری ئەو شارە ئاڵۆزە، کێشە و ڕێگریش لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا دروست دەکرێن، بەتایبەتی بۆ ئەو پارتە کوردییانەی بەشداری پرۆسەکە دەکەن، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو کە پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری بایکۆتکردنی ئەو هەڵبژاردنانەی دا، چونکە نایەوێ شەرعییەت بە هەلومەرجێکی داسەپێندراو بدات. هەموو ئەم پرسانە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار بوونە تەوەری دیدارێکی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ سەڵاح دەلۆ بەرپرسی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان.

*** حکومەتی عێراق و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی دوای ئەوەی کەرکووکیان بە هاوکاریی گرووپێکی خیانەتکار داگیرکرد، ئێستا واقیعێکی عەسکەرتارییان بەسەر شارەکەدا سەپاندووە، وەکو بەرپرسێکی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووک، چۆن لەو دۆخە دەڕوانیت؟**

- کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر خیانەتێکی گەورە بوو بەرامبەر کەرکووکییەکان و هەموو کوردستان، ئەو تاقمەی دەستیان لەم خیانەتە هەبوو، لای کەرکووکییەکان ناسراون و مێژوویەکی ڕەشیان بۆ خۆیان تۆمار کرد، ڕاستە سوپای عێراق و حەشدی شەعبی پێش ئەنجامدانی ریفراندۆم، پیلانی داگیرکردنی کەرکووک و هێرشکردنە سەر کوردستانیان داڕشتبوو، بەڵام ئەگەر هاوکاریی ئەو تاقمە خۆفرۆشە نەبوایە هەرگیز ئەو





پارێزەر هەدار زوبێر عەبدوڵا سەلیم

کاندیدی ژمارە ٢٠
لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

دەبێت دەنگی خۆمان بخەینە پاڵ دەنگی پێشمەرگە قارەمانەکان و بۆ خاکفرۆشان و خۆفرۆشانی بسەلمێنین کە منداڵانی ئەنفال و جینۆسایدکراوان سەربەرزن بە پێشمەرگە قارەمانەکان و بە قارەمانێتیی ئەوان ئێمە بە ئەمڕۆ گەیشتووین و دەبێت هەوڵ بدەین هەموو مافەکانیان پارێزراو بێت.

**دەبوایە حزبە کوردستانییەکان بەگشتی بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی کەرکووکیان بکردایە، چونکە بەشداریکردن لەم هەڵبژاردنانە واتا شەرعیەتدان بەداگیرکردنی کەرکووک و ئەو دۆخە نائاسایی و نایاساییەی بە زەبری هێز لەو شارەدا سەپێندراوە**

**ریفراندۆم تاپۆی رەشە و سەنەدێکی نکۆڵی لێنەکراوە بەدەست میللەتی کوردەوە و رۆژێک دێت ئەو دەرئەنجامەی دەبێتە رزگاربوونی گەلی کوردستان و سەربەخۆیی و دەوڵەت رادەگەیەندرێت**

**ئەو تاقمە خیانەتکارەی ١٦ی ئۆکتۆبەر تەنیا دوژمنایەتی سەرۆک بارزانی و پارتی ناکەن، بەڵکو دژی هەموو ئەو کەس و لایەنە سیاسییانەشن کە وەکو جەنابی بارزانی و پارتی نیشتمانپەروەرو دڵسۆزی نەتەوەکەیانن**

مەرام و پیلانەیان بۆ جێبەجێ نەدەکرا و بەو ئاسانییە کەرکووکیان بۆ داگیر نەدەکرا، ئەوەی لەم خیانەتەدا دەستی هەبوو، دوو تاقم بوون یەکەمیان راستەوخۆ خیانەتەکەیان کردو هێزی چەکداری سوپا و حەشدی شەعبییان بۆ ناو کەرکووک هێنا، دووەمیان حەزیان دەکرد کەرکووک بکەوێتەوە ژێر دەستی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق و وا چاوەڕوانیان دەکرد، ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان لەم شارە دەربکەن، راستەوخۆ دەبنە کوێخاو لە دەسەڵاتە ئیداری و ئەمنییەکان و هەراجکردنی نەوتی کەرکووکدا سوودمەند دەبن. ئەو تاقمە خیانەتکارەی ١٦ی ئۆکتۆبەر تەنیا دوژمنایەتیی سەرۆك بارزانی و پارتی ناکەن، بەڵکو دژی هەموو ئەو کەس و لایەنە سیاسییانەشن کە وەکو جەنابی بارزانی و پارتی نیشتمانپەروەرو دڵسۆزی نەتەوەکەیانن، دژایەتیکردنی پارێزگاری کەرکووك کە لەحزبەکەی خۆیان بوو، لەگەڵ چەندین بەرپرسی دیکەی وەکو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە.

*** کەواتە ئەوەی لە ١٦ی ئۆکتۆبەر روویدا، پەیوەندی بە ریفراندۆمەوە نەبوو، ئایا ئەگەر ریفراندۆمیش نەبوایە ئەو خیانەتکاریی و داگیرکارییە هەر رووی دەدا؟**

- کورد لە مێژووی خۆیدا ئەو هەموو شۆڕش و راپەڕینەی نەکرد، تاوەکو چەند پۆست و دەستکەوتێکی کەمی دەست بکەوێت، هەموو شەهیدو بریندارو قوربانییەکانی کورد هەر لە شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان تاکو شەڕی داعش لەپێناو سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستاندا بووە، ریفراندۆمیش پیادەکردنی مافێکی سرووشتی و ئاسایی و دەستووریی هاوولاتیانە و نابێت بە زەبری هێز و بە کوشتن و تالان و برسیکردن وەلام بدرێتەوە، ئەوەی لە عێراقدا روویدا، بەتایبەتی لە داگیرکردنی کوردستان و جووڵاندنی هێزی سەربازی، پێچەوانەی هەموو بەڵگەنامەو بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و مافی مرۆڤە. لەلایەکی ترەوە هەمووان دەبێت بیزانین ریفراندۆم و دەنگدان بۆ سەربەخۆیی باشترین دەستکەوتی کورد بوو لە خەباتی ١٠٠ ساڵەی خۆیدا، چونکە کورد بۆ هەموو دنیاو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دۆست و دوژمنانی سەلماندی کە گەلێکی زیندووەو سەربەخۆیی و دەوڵەتی دەوێت، ئەم دەستکەوتە بۆ کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم زۆر گرنگتر بوو، چونکە راپرسییەکیش بوو بۆ کوردستانیبوونی کەرکووك و ئەو ناوچانە کە چەندین ساڵە خەڵکەکەی دەربەدەر دەکرێن و ناوچەکەیان تەعریب دەکرێت. واتە ریفراندۆم تاپۆی رەشە و سەنەدێکی نکۆڵی لێنەکراوە بەدەست میللەتی کوردەوە و رۆژێك دێت ئەو دەرئەنجامەی دەبێتە رزگاربوونی گەلی کوردستان و سەربەخۆیی و دەوڵەت رادەگەیەندرێت.

*** هۆکاری بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکانی کەرکووك لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستان بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئایا نەدەکرا حزبە کوردستانییەکان لەم قۆناغە هەستیارەدا بەیەك لیست بەشداریی هەڵبژاردنەکانی کەرکووکیان بکردایە؟**

- دەبوایە حزبە کوردستانییەکان بەگشتی بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی کەرکووکیان بکردایە، چونکە بەشداریکردن لەم هەڵبژاردنانە واتا شەرعیەتدان بەداگیرکردنی کەرکووك و ئەو دۆخە نائاسایی و نایاساییەی بە زەبری هێز لەو شارەدا سەپێندراوە، بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی کەرکووك واتا ئیعترافکردن بە دووبارە دەست پێ کردنەوەی پرۆسەی تەعریب. لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە وەکو پارتی هەوڵێکی زۆرمان دا بە یەك لیست بەشداری لەو هەڵبژاردنە بکەین، بۆ ئەوەی باری کورد لە کەرکووك راست بکەینەوە، بەڵام زۆر مەخابن ئەو تاقمەی دەستیان لە خیانەتەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەر هەبوو، هەموو هەوڵەکانی یەکڕیزی و یەکدەنگیی نێوماڵی کوردیان تێکدا، ئەمەشیان نەکرد، تەنانەت گۆڕان و کۆمەڵ و جەماعەتەکەی بەرهەم ساڵح بە یەك لیست کشانەوە و دواتریش یەکگرتووی ئیسلامی کشایەوە، بەمەش یەك لیستی دروست نەبوو.

*** لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکان و نەورۆزدا کەسانێك لەو تاقمە خیانەتکارە هەبوون، دەیانگوت ئێمە لە کەرکووك ماوینەتەوە و کەرکووکییەکانمان جێ نەهێشتووە، پارتی کەرکووکی چۆڵ کردووە، چ وەڵامێکتان بۆ ئەوە هەیە؟**

- کەسێك لە ئەلف و بێی سیاسەت بزانێت، باوەڕ بەم قسانە ناكات، ئەو تاقمە خیانەتكارە دەیانەوێت وانیشانی بدەن بەرگرییان لە كەركووك كردووە، لەكاتێكدا هەرچی داگیركاری و كوشتن و تاڵانكردنی ماڵ و حاڵی كورد هەیە كە لەلایەن حەشدی شەعبییەوە ئەنجام دراوە، بە هاوكاریی ئەوان بووە، كەركووكییەكان باش دەزانن كێ خیانەتی كردو كەركووكی تەسلیم كرد. ئەوەش دەزانن پارتی چۆن لە پردێ و سحێلا شكۆی نیشتمان و كەركووكییەكانی گەڕاندەوە، ئەوە ئەو تاقمە خۆفرۆشەی ١٦ی ئۆكتۆبەر بوون پێش حەشدی شەعبی كەوتن و پێشمەرگەی كوردیان شەهید كردو ئاڵای كوردستانیان خستە ژێر پۆستاڵ و هامەرەكانی حەشدەوە، لە كاتێكدا پارتی بەرگری لە كوردستان و بەرگری لە كەركووكیش كرد، تەنانەت بایكۆتەكەشمان بەرگرییە لە كەركووك و كورد لەو شارەدا، چونكە ئەمە واتا ئیعتراف نەكردنە بەو داگیركاری و دۆخەی كەركووك كە هەر دەبێت چارەسەریش بكرێت.

*** باسی شەڕی (پردێ و سحێلا)تان كرد، ئایا ئەو نەبەردییەی پێشمەرگەكانی پارتی لەو سنوورو ناوچەیە كردیان، چی لە مەسەلەكە گۆڕی؟**

- داستانی پردێ و سحێلا و مەحموودییە نەك تەنیا شەڕێكی نەبەردی پێشمەرگە بوو، بەڵكو سنوورێكی بۆ حەشدی شەعبی و داگیركردنی زیاتری خاكی نیشتمان دانا، بەرگری هێزی پێشمەرگەی پارتی دیموكراتی كوردستان، نەك تەنیا شكۆی بۆ كوردستان گەڕاندەوە، بەڵكو ترسی خستە دڵی دوژمنانیشەوە كە زیاتر ئازاری كەركووكییەكان نەدەن، چونكە دەیانزانی هێزێكی نیشتمانپەروەر هەیە لە دەوری سەرۆك بارزانی كۆبوونەتەوە و رێگە بە سووكایەتیكردن بە كورد نادەن، هەر بۆیە نەبردییەكانی ئەو شەڕانە وایكرد شەڕ راوەستێت و دانوستان و گفتوگۆكان دەست پێبكەن.

*** وەكو ئاشكرایە پارتی دیموكراتی كوردستان لە دامەزراندنیەوە زۆر بە گرنگی و پیرۆزییەوە دەڕوانێتە پرسی كەركووك، ئەگەر عێراق بە ئاشتی و لە رێگەی دانوستان و گفتوگۆوە ئامادە نەبێت چارەسەری ئەم پرسە بكات، ئایا**




# عومەر عەلی محەمەد ئەمین رەسول

## كاندیدی ژمارە ١٢
## لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموكراتی كوردستان:

**لەپێناو كوردستانێكی بەهێز و گەڕانەوەی مافە دەستوورییەكانی گەلی كوردو كۆتاییهاتن بە بەكارهێنانی كارتی مووچە وەكو كارتێكی سیاسی، دەنگ بە لیستی ١٨٤ ی پارتی دیموكراتی كوردستان دەدەین. ئەو پارتەی كە تەنیا زامنی بەهێزبوونی پێگەی كوردە لەعێراق و كۆتایی بە پرۆسەی تەعریب دەهێنێت. بۆ ئەوەی جارێكی دیكە كورد جینۆساید نەكرێن، تەنیا پارتییە زامنی پاراستنیانە، ئەو پارتەی لە پێناو سەربەخۆیی و ئازادیی گەلی كوردستان بە هەزاران شەهیدی بەخشیوە.**



**سوپای عێراق و حەشدی شەعبی پێش ئەنجامدانی ریفراندۆم، پیلانی داگیرکردنی کەرکووک و هێرشکردنە سەر کوردستانیان دارشتبوو، بەڵام ئەگەر هاوکاریی ئەو تاقمە خۆفرۆشە نەبوایە هەرگیز ئەو مەرام و پیلانەیان بۆ جێبەجێ نەدەکرا**

**وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان چ رێگایەکی دیکە بۆ یەکلاکردنەوە و چارەسەری ئەم کێشەیە دەستنیشان دەکەن؟**

- هەڵوێست و هەنگاوەکانی سەرکردەی مەزنی کورد بارزانیی نەمر و وێستگەکانی مێژوویی خەباتی مەلا مستەفا بارزانی دەیسەلمێنێت کە کەرکووک چەند پیرۆزە، لە هەموو قۆناغەکانی خەبات و رۆژە سەختەکاندا بارزانی ئامادە نەبووە سازش لەسەر کوردستانییەتی کەرکووک بکات، لەساڵی ١٩٧٥ بارزانیی نەمر بۆ سەلماندنی کوردستانییەتی کەرکووک دەستی لەهەموو شتێکی خۆی هەڵگرت، خۆ ئەو کاتە تەنیا سازشێکی بچووکی لەسەر کوردستانییەتی کەرکووک بکردایە، نسکۆی شۆڕش رووی نەدەدا، ئێستاکەش سەرۆک مسعود بارزانی و پارتی ئامادە نین سازش لەسەر کوردستانییەتی کەرکووک بکەن، ئەمەش هەموو بۆ ئەو ئەخلاق و بیروباوەڕە دەگەڕێتەوە کە رابەری کورد بارزانیی نەمر لەناو هەموو تاکێکی کورددا بڵاوی کردۆتەوە، ئەویش بیری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرییە، وەك ئەو کاتەی کە بارزانیی نەمر فەرمووی: «کەرکووک یەك کوردیشی تێدا نەمێنێت، هەر کوردستانییەو مومکین نییە دەستی لێهەڵگرین..»، لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە ئومێدمان نییە چارەسەری کێشەکان بەشەڕ بکەین، بەڵکو ئومێدمان وایە بە دانوستان و گفتوگۆ چارەسەری هەموو ئەو کێشانە بکەین و ماددەو بڕگەکانی دەستوور بەتایبەتی ماددەی ١٤٠ی دەستووری هەمیشەیی جێبەجێ بکرێت و کورد لە کەرکووك سەری بەرز و بڵند بێت.

*** بەڵام رەنگە دەرئەنجامی ئەم هەڵبژاردنە کورد لە کەرکووك دووچاری شکستێکی گەورە بێت و چەند کورسییەك لەدەست بدات؛ ئایا پێشبینیتان بۆ ژمارەی کورسییەکانی کورد لەکەرکووك چییە؟**

- سەرەڕای هەموو شتێك ئێمە حەزناکەین کورد لە کەرکووك تووشی شکست بێت، ناکۆکیی ئێمەش لەگەڵ تاقم و گرووپی خیانەتکار و نیشتمانفرۆش لەسەر ئەم خاڵەیە، ئێمە حەزدەکەین کورد سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنێت و مافە یاسایی و دەستوورییەکانی بەدەست بهێنێتەوە، بگرە لەوە زیاتر بڕوامان وایە کورد رووبارێك خوێن و ئەو هەموو قوربانییەی لە پێناو ئەوە نەداوە کە تاقمێك لە کەرکووك بڕە پارەیەك و چەند پۆستێکی سووکی ئەمنییان دەست کەوێت، ئێمە نامانەوێت کەرکووکییەکان نەتوانن بە ئازادانە مومارەسەی ژیانی خۆیان بکەن و نەتوانن ئاڵای پیرۆزی کوردستانی خۆیان هەڵبدەن، نامانەوێت کوردانی دووزخورماتوو شوێنەکانی دیکە بە ئاوارەیی بمێننەوەو ماڵ و حاڵیان داگیرکرابێت، پارتی نایەوێت کورد لە کەرکووك

دەربکرێت و عەرەبی هاوردە بهێنرێت و جێگیر بکرێت، ئەوەتا شەو نییە ماڵ تالآن نەکرێت و ئۆتۆمبێلی کورد نەدزرێت، ئەوەی ئەمڕۆ لە کەرکووك دەگوزەرێت، لەهیچ شارێکی عێراق روونادات، ئیتر چۆن کورد دەتوانێت بە ئازادانەو بێ هەڕەشە مومارەسەی پرۆسەی هەڵبژاردن بکات؟ هەربۆیە هەرگیز پێمانوانییە کورد بتوانێت لە کەرکووکدا لەم هەڵبژاردنەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئێمە وەکو پارتی حەز دەکەین کورد بەهێز و یەکڕیزو تۆکمەوە بچێتە بەغدا، لە رابردووشدا سەلمێندراوە هەر کاتێك پارتی لە کوردستان بەهێز بووە، کێشە لە کوردستان کەم بووە و لە بەغداش باشتر بەرگری لەماف و ئیمتیازاتەکانی کورد کراوە، چونکە پارتی کۆڵەکەی مەسەلەی کوردە و بەبەردەوامیش پارتی هێزو حزبی ژمارە یەك بووە.

*** باسی ئاوارەکانی کەرکووك و دووزخورماتوو و ناوچەکانی دیکەتان کرد، ئایا تاکەی ئەو خەڵکە هەروا بە ئاوارەیی و بێ قەرەبووکردنەوە بمێننەوە؟**

- وەکو ئاماژەم پێدا خێزانە کوردەکان ماڵ و حاڵیان تالآن کراو دەربەدەرکران، ئاوارەیەکی زۆر لە شارەکانی کوردستانن و تەنانەت کارو پۆست و وەزیفەیان لەدەست داوە، پارتی دیموکراتی کوردستان کە هەڵگری پەیامی پیرۆزی نەتەوەیی و نیشتمانییە بۆ کورد، هەرگیز بەردەوامی ئەم دۆخە قبووڵ ناکات، تاکە چارەسەر دامەزراندنی هێزی هاوبەشی نێوان پێشمەرگە و سوپای عێراق و گەڕانەوەی کوردە بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، سەرکردایەتیی سیاسیی پارتیش لەم بارەیەوە پێیوایە زوڵم و چەوسانەوە سنووری هەیە و بەردەوام نابێت، بۆیە پێویستە ئەم پرسە نیشتمانییە بەگفتوگۆ و دانوستاندن چارەسەر بکرێت، ئەگەرنا ئەم دۆخە کاتییە و هەر کۆتایی دێت، چۆن دەبێت ماڵ و حاڵی پارتییەکان تەنیا لەبەر ئەوەی داوای گەڕانەوەی کوردستانییەتی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکان دەکەن، داگیر بکرێن و تەعریب بکرێن؟




# ئارام ناجی محەمەد ساڵح

## کاندیدی ژمارە ١٩
## لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

**بۆ ئەوەی تیمێکی بەهێز لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەبێت کە زامنی بەدەستهێنانەوەی مافە زەوتکراوەکانمان بکات، دەنگ بە لیستی ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەدەین کە لیستی شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکانی شەڕی دژی داعشە.**

# بانگەشەیەکی نەرم لە هەفتەیەکی گەرم

هەرچەندە چەمکی دیموکراسی کۆنە، بەڵام نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠٠٧ ـەوە لە ڕۆژی ١٥ی ئەیلوولدا ڕۆژی جیهانیی دیموکراسی ناساند.

دیموکراسی، بەهایەکی جیهانییە و پشت بە ئیرادەی گەلان دەبەستێت کە ئازادانە گوزارشت لە ڕای خۆیان دەکەن و، سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتووریی خۆیان دیار دەکەن و، بەشداری تەواویش لە زۆربەی بوارەکانی ژیان دەکەن.

لەو ڕۆژەوە نەتەوە یەکگرتووەکان، حکومەتەکان هان دەدات بۆ بەهێزکردنی ئەو پڕۆگرامانەی کە دیموکراسی چەسپاوتر دەکەن، لە ڕێگەی هاوکاریی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەوە، بە ڕەچاوکردنی ئەو جیاوازییە پۆزەتیڤانەی کە دەکرێت وەك داهێنان چاویان لێبکرێت لە بواری باشتر بە دیموکراتیزەکردندا.

هەموو هاووڵاتییەك گرنگە بە ماف و ئەرکەکانی خۆی ئاشنا بێت لەو وڵاتانەی کە بە قۆناغێکی گواستراوەییدا تێپەڕ دەبن بەرەو دیموکراسییەکی باشتر، لە ڕێگەی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە گرنگانەی وەك:

مافە دەستوورییەکانم چین؟ بۆچی دەنگ دەدەم؟ چۆن کاریگەریم لەسەر خاوەن بڕیارەکان هەبێت؟ پێشبینیی چی دەکەم لەو پاڵێوراوانەی هەڵیاندەبژێرم؟

ئەم پرسیارانەو هاوشێوەکانیان پێویستییان بە وەڵامدانەوە هەیە لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیا و ڕۆژنامەنووسان و قوتابخانە و زانکۆکانەوە، چونکە ناکرێت کولتوورێکی بەردەوامی دیموکراتییانە بوونی هەبێت، بەبێ بوونی هاووڵاتییەکی هۆشیار.

بۆیە کە ئێستا لە سەروبەندی ناوەڕاستی مانگی هەڵمەتی هەڵبژاردنداین بۆ دیارکردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، زۆر گرنگە بانگەشەی هەڵبژاردنەکانیشمان دیموکراتییانە و بەپێی پرەنسیپ و ستانداردە جیهانییەکان بێت.


جا بە مەبەستی تێپەڕاندنی ماوەی یاسایی بانگەشەی هەڵبژاردن بە شێوەیەکی ئاسایی، زۆر گرنگە ئاگاداری ئەم خاڵانە بین:

یەکەم: زانینی ئەو ڕاستییەی کە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی کراوەیەو نهێنی کەمی تێدایە و زۆرینەی خەڵکی کوردستانیش حزب و لایەنە سیاسییەکان و کەسایەتییەکانی دەناسن، بۆیە لەم هەڵمەتی خۆناساندنە پێویست بە بانگەشەی توند ناکات.

دووەم: لەم سەردەمی ئینتەرنێت و سەتەلایت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و مۆبایل و سایتە ئەلیکترۆنییانەدا، نابێت وەك ساڵانی ڕابردوو بانگەشە تەنیا بە کەژاوەی ئۆتۆمۆبێل و شەڕە پەڕۆ و لافیتە و فلیکس و هاوشێوەکانی بکرێت.

سێیەم: دروستکردنی قەرەباڵغی و شەقام گرتن و شۆستە داگیرکردن، وێڕای زیانە ماددی و ئابوورییەکانی، زیانی ژینگەییشیان هەیە و، ژاوەژاو دروست دەکەن لە ڕێگەی هۆکارەکانی گواستنەوەی وەك ئۆتۆمۆبێل و ماتۆڕ و دەنگی هۆڕن و ریکۆردەر و بڵندگۆکانەوە زیانی زۆر بە تەندروستیی مرۆڤەکان دەگەیەنن.

چوارەم: سزادانی یاسایی و تەنانەت دوورخستنەوەی ئەو پاڵێوراوانەی کە بە پێچەوانەی ڕێنماییەکانی کۆمیسیۆنەوە ڕەفتار دەکەن، یان لێدوانی توند و هێرشبەرانە دەدەن.



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

پێنجەم: خۆدوورگرتن لەو گەندەڵییەی کە هەموان درووشمیان لە دژ بەرزکردۆتەوە، هەموانیش دەزانن کە ساکارترین پێناسەی گەندەڵی بریتییە لە بەکارهێنانی موڵکی گشتی بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی، بۆیە پێویستە ئەوە بزانین کە بەکارهێنانی موڵکی گشتی و ئەو شتانەی کە هی هەموومانن، بۆ بەرژەوەندیی تایبەت، جۆرێکە لە گەندەڵی.

شەشەم: پێویستە رێز لە سیمبولە نەتەوەیی و ئاینی و سیاسییەکانمان بگرین و، نابێت لە ژێر پەردەی هیچ پاساوێکدا بێرێزییان بەرامبەر بکرێت.

حەوتەم: پێویستە مۆراڵ و ئەخلاق و ئیتیکی کوردەواری خۆمان لەبەرچاو بێت بە بەردەوامی، چونکە کورد دەڵێت: لەکاتی شەڕیشدا بەشی ئاشتی بهێڵەوە، یان کێو بە کێو ناگات، بەڵام مرۆڤ بە مرۆڤ دەگات، .. هتد.

هەشتەم: لەبەرچاوگرتنی پەندەکانی پێشینانمان لە بواری عورفی کۆمەڵایەتیدا کە دەڵێن: کەس بە دۆی خۆی نالێت ترشە، یان لەکاتی شەڕیشدا بەشی ئاشتیی بهێڵەوە، یان کێو بەکێو ناگات، بەڵام مرۆڤ بە مرۆڤ دەگات، .. هتد.

نۆیەم: لە رووی عورفی کۆمەڵایەتییەوە پێویستە ئەوە رەچاو بکەین کە نابێت لە پای هەڵمەتی هەڵبژاردندا دەست بۆ نهێنی و ژیانی تایبەتی یەکدی ببرێت، چونکە ئەوە وەك لە قەدەغەکراوە یاساییەکانە، قەدەغەکراوی کۆمەڵایەتیشە لە عورفی کوردەوارییدا.

دەیەم: پاڵێوراوان سوود لە ئەزموونی سەرکەوتووی وڵاتانی جیهان وەربگرن لە بواری بانگەشەی هەڵبژاردندا.




# هەیفا سدیق نێروەیی

**کاندیدی ژمارە ١٧**

**لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

**دبینم کو ئەڤێ خولا پەرلەمانێ دێ شەرێ دستووری هێتە کرن ژبو ب دەست ڤە ئینانا مافێن گەلێ کورد و کوردستانێ گرنگترین ئەوەلیاتا کارێ من یێ پەرلەمانی بیت، دچارچوڤێ دەستوورێ عیراقێدا، دێ هەولێن خو زورتر سنووردارکەم ژبو ئەوان مادێن دەستووری کو زورتر تەرکیزێ ل سەر قەرەبووکرنا خەلکێ ئاوارەیێ کوردستانێ و زولم لێ هاتیە کرن و ئەوان هەرێمێن هێشتا دەڤارا وان نەهاتیە ئاڤەدانکرن.**



# ئەگەر شەڕی ئێران و ئیسرائیل لە ناو سووریا دەست پێبکات

## پڕیشکی گەورەی بەر عێراقیش دەکەوێت




# د. سەردار قادر محیەددین

## كاندیدی ژمارە ٦
## لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموكراتی كوردستان:

**بۆ پاراستنی سیستەمی دەوڵەت و (كۆماری فیدراڵی دیموكراتی فرەیی) و دەوڵەتێكی مەدەنیی دامەزراوەیی لەسەر بنەمای شەراكەت و هاووڵاتیبوونی یەكسان، دەنگ بدەن بە پارتی دیموكراتی كوردستان. لەبەر ئەوەی عێراق وڵاتێكی فەرەنەتەوەو ئایین و ئایینزای جیاوازە، دەبێت رێز لەو جیاوازییانە بگیرێت، ئەمەش بەوە دێتەدی كە دەنگ بە پارتی دیموكراتی كوردستان بدەین.**




لە كاتێكدا حزب و لایەنە سیاسییەكانی عێراق لەگەرمەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەكانی ئایاری داهاتووی پەرلەمانی عێراقدان، لە بەرامبەردا هەڕەشە گەرم و ترسناكەكانی ئێران دژی ئیسرائیل و بە پێچەوانەشەوە بوونەتە سەردێڕی هەموو میدیاكانی جیهان و ئەگەری دروستبوونی شەڕێكی چاوەڕوانكراو لە نێوان ئیسرائیل و ئێراندا لە سەر خاكی سووریا، نەك هەر بە ئەگەرێكی دوور نازانرێت، بەڵكو چاودێران و پسپۆڕانی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست باس لەوە دەكەن، ئەگەر شەڕەكە بازنەی ئێران و ئیسرائیلی تێپەڕاند و هێز و

لایەنی دیکەی هاتە ناوەوە، ئەوکات بارودۆخەکە بەرەو کوێ دەچێت؟

ئەفیگۆر لیبرمان وەزیری بەرگری ئیسرائیل لە دیمانەیەکیدا بۆ ماڵپەڕی ئیلافی نێودەوڵەتی کە ماڵپەڕێکی هەواڵی عەرەبستانی سعودیەیە، هەڕەشەیەکی زۆر توند لە ئێران دەکات و دەڵێت: «ئیسرائیل شەڕی لەگەڵ هیچ لایەکدا ناوێت، بەڵام باجەکەی هەرچیەك بێت، ڕێگە نادەین بنکەی ڕۆکێتی ئێرانی لەناو خاکی سووریا بوونی هەبێت، ئەگەر ئێرانیش هێرش بکاتە سەر تەلئەبیب، ئەوا ئیسرائیل هێرش دەکاتە سەر تاران و کاولی دەکات.

ئەم دیمانەی لیبرمان لەگەڵ ماڵپەڕێکی عەرەبستانی سعودیە، زیاتر لە مانایەکی لێ دەخوێندرێتەوە. جیا لەوەی شتێکی دەگمەن و نامۆیە کە دەزگایەکی ڕۆژنامەوانیی سعودیە دیمانە لەگەڵ وەزیری بەرگریی ئیسرائیل بکات و بڵاوی بکاتەوە، لە هەمانکاتدا ئەمە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی کە شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل بۆتە شەڕێکی حەتمی و، وەك تۆماس فریدمان ستوونووسی بەناوبانگی نیویۆرك تایمز لە دوایین وتاریدا بە ناونیشانی (پشتێنەکانتان توند بکەنەوە، شەڕی ڕاستەقینەی داهاتوو لە سووریا بەڕێوەیە)، دەڵێت: «من پێشتر قسەی لەم جۆرەم نەکردووە، بەڵام ئەمجارەیان لە سووریا بارودۆخەکە دەتەقێتەوە و، مەترسییە گەورەکەش ئەوەیە کە ئێران و ئیسرائیل بەرەو شەڕێکی گەورە لەناو سووریا هەنگاو هەڵدەگرن، ئێران لە هەوڵی ئەوەدایە سووریا بکاتە بنکەیەکی پێشکەوتووی سەربازی لە بەرامبەر ئیسرائیل، بەڵام ئیسرائیل بە ڕاشکاوی ئەوەی گوتووە کە هەرگیز نابێت ئەوە ڕووبدات.»

دیارە لەسەر ئاستی بەرپرسە باڵاکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش هەڕەشەکان لە دژی ئیسرائیل بە هاوتای هەڕەشەکانی ئیسرائیل ترسناکن و، عەلی شەمخانی ئەمینداری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران، پێش ئەوەی بەرەو سوچی بەڕێ بکەوێت، بە ئاشکرا ڕایگەیاند، ئێران بە توندی وەڵامی ئەو هێرشانە دەداتەوە کە ئیسرائیل لە شەوی ٩ی نیسانی ڕابردوو کردوویەتە سەر بنکەی تی فۆر لەناو سووریا، هەروەها لیوا محەمەد باقری سەرۆك ئەرکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، «ئەگەر ئیسرائیل هێرشەکانی ڕانەگرێت ئەوا وەڵامدانەوەی ئێران کۆتایی بە ئیسرائیل دەهێنێت.»

لەگەڵ ئەوەی بەرپرسان و چاودێران لە عەرەبستانی سعودی بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن، هەرگیز شەڕ لە نێوان ئێران و ئیسرائیل دروست نابێت و ئێران ئەو هەڵەیە ناکات خۆی لەگەڵ ئیسرائیل دووچاری شەڕێکی ناهاوسەنگ بکات، بەڵام ڕووسیا لە مەترسیی بارودۆخەکە تێگەیشتووە، بۆیە قاسم سولەیمانی بانگهێشتی موسکۆ کردووە، بۆ ئەوەی بارودۆخەکە هێور بکاتەوە و وەڵامی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر بنکەی تی فۆر نەدرێتەوە. هەروەها محەمەد جەواد زەریف (وەزیری دەرەوەی ئێران) لە پەنێڵێکدا کە ئامۆژگای ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا بۆی ڕێکخستبوو، داوای ئەوە دەکات بارودۆخەکە هێور بکرێتەوە و ئیسرائیل هێرشەکانی بۆ سەر بنکە سەربازییەکانی ئێران لەناو سووریا ڕابگرێت، بەڵام بارودۆخەکە بەو جۆرەیە قۆناخی ئارامی بەرەو کۆتایی دەچێت و ئەگەرەکانی شەڕ زیاتر نزیك دەبنەوە، لەبەر ئەم هۆکارانە:

١- ئێران مانەوەی سەربازیی خۆی لە سووریا بۆ پارێزگاریکردن لە ڕژێمی ئەسەد و هەروەها دامەزراندنی بنکەی گەورەی سەربازیی لەوولاتەدا بە مافی خۆی دەزانێت.

٢- ئیسرائیل کە وەك خۆیان دەڵێن: «ئێمە دەوڵەتێکی بچووکین و چواردەورمان بە دوژمن دەورە دراوە، هەرگیز ڕێگە نادەین ئاسایشی نەتەوەییان بکەوێتە مەترسییەوە هەر شتێك بە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆمانی بزانین، ئەو مەترسییە لادەبەین..»، ئەوا ئەمە مانای ئەوەیە ئیسرائیل مانەوەی هێزی سەربازیی ئێران لەناو سووریا بە مەترسیی بۆ سەر خۆی دەزانێت و ئەم مەترسییەش لادەبات، هەروەك چۆن لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو هێرشی کردە سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی عێراق و کاولی کرد، هەروەها لە ٢٠٠٧ هێرشی کردە سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی سووریا و کاولی کرد، ئەوا ئێستاش نیازی ئەوەی هەیە

**ئەفیگۆر لیبرمان وەزیری بەرگری ئیسرائیل: ڕێگە نادەین بنکەی ڕۆکێتی ئێرانی لەناو خاکی سووریا بوونی هەبێت، ئەگەریش ئێران هێرش بکاتە سەر تەلئەبیب، ئیسرائیل هێرش دەکاتە سەر تاران و کاولی دەکات**

**لیوا محەمەد باقری سەرۆك ئەرکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران: ئەگەر ئیسرائیل هێرشەکانی ڕانەگرێت، وەڵامدانەوەی ئێران کۆتایی بە ئیسرائیل دەهێنێت**

**سەدر هەوڵیدا لە ژێر کاریگەریی ئێران بێتە دەرەوە، بەڵام فەرماندەی هێزی قودسی سوپای پاسداران هێزەکەی سەدری دابەشکرد و چەند میلیشیایەکی وەکیلی سەر بە هێزی قودسی لێ دروستکردن**

**حەکیم هەوڵیدا خۆی لە ژێر نفووزی ئێرانی بێنێتە دەرەوە، بەڵام لە (مەجلیسی ئەعلا) کردیانە دەرەوە و بەناچاری ڕەوتی (حیکمەی) دروست کرد، هەر لایەنێکی دیکەی شیعەش هەمان ئامانجی هەبێت، هەمان ئەزموونی بەسەردا دووبارە دەبێتەوە**

ئەو بنکە رۆکێتییانەی ئێران کە لەناو سووریا دروستی کردوون، کاولیان بکات.

دیارە لەبەر دوو هۆکاری دیکەی گرنگ، بوونی ئەو دوو هۆکارەی ئاماژەمان پێکردن، بەسن بۆ ئەوەی شەڕێکی گەورە لە نێوان ئیسرائیل و ئێران لەناو خاکی سووریا رووبدات و ئەگەر ئێران لە وەڵامدانەوەی ئیسرائیلدا، مووشەکەکانی ئاراستەی تەلئەبیت بکات، ئەوا ئیسرائیلیش مووشەکەکانی خۆی ئاراستەی تاران دەکات، ئەو دوو هۆکارەش کە دەبێتە ئەگەری هەڵایسانی ئەم شەڕە بریتین لە:

١- دەوڵەتی ئیسرائیل وەك لەسەر زاری ئەفیگۆر لیبرمانی وەزیری بەرگرییانەوە راشکاوانە رایگەیاندووە، بوونی بنکەی رۆکێتی ئێران لەناو سووریا بە هەڕەشە بۆ سەر ئاشایشی نەتەوەیی خۆیان دەزانن و، بە هیچ شێوەیەك قبووڵی ناکەن، هەتا ئەگەر باجەکەی هەرچییەك بێت، ئەمەش بە ناڕاستەوخۆ مانای ئەوەیە ئیسرائیل نفووزی سەربازیی ئێران لە سووریا قبووڵ ناکات و بێ گەڕانەوە بۆ یاسا نێودەوڵەتییەکان هێرش دەکاتە سەر بنکە سەربازییەکانی ئێران لەناو سووریا.

٢- کۆماری ئیسلامیی ئێران، مانەوەی هێزە سەربازییەکانی لە سووریا بە مافێکی شەرعیی خۆی دەزانێت و خۆی بە براوەی شەڕی بەرگریکردن لە مانەوەی رژێمی ئەسەد دەزانێت و دەیەوێت دەستکەوتی ئەم شەڕە کۆبکاتەوە، لەمەش زیاتر کۆماری ئیسلامیی ئێران باڵادەستیی نفووزی خۆی لە یەمەنەوە تا دەگاتە باشووری لوبنان بە بەشێك لە ئاسایشی نیشتمانیی خۆی دەزانێت، بۆیە ئەگەر ئێران لە ژێر هەڕەشەکانی ئیسرائیلدا ناچار بێت ئەو بنکە رۆکێتییانە هەڵبگرێت کە لەناو سووریا دایمەزراندوون، ئەوا ئەمە دەبێتە مانای ئەوەی ئێران ئەو شەڕەی دۆڕاند کە ماوەی نزیکەی ٤٠ ساڵە بەرنامەڕێژی بۆ دەکات و ئێستا خۆی لەو شەڕەدا بە براوە دەزانێت، بۆیە هەرگیز ئێرانیش ئاوا بە ئاسانی دەستبەرداری ئەو باڵادەستییەی نفووزی خۆی نابێت و بە ناچاری ئەمجارەیان لە شەڕێکی سەختەوە دەگلێت.


١٨٤




## سامان عەبدوڵا محەمەد مستەفا

**کاندیدی ژمارە ١٠**
**لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

**بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی مەدەنی و دەستووری لە عێراق بەدی بێت، دەنگ بدەن بە پارتی دیموکراتی کوردستان، چونکە هەموو کاتێک پارتی داکۆکیکار بووە بۆ جێبەجێکردنی یاساو بنەما دەستوورییەکان. دەنگدان بە پارتی دیموکراتی کوردستان قورسایی کورد و کوردستان لە بەغدا زیاد دەکات.**

**له هەڵبژاردنەکانی رابردوودا، لیستەکانی شیعە بە ئاشکرا و راستەوخۆ خۆیان بە پاشکۆی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی نەدەزانی، واتە ئەگەر هاوسۆزییەکیشیان بۆ ئێران هەبوویێت، لە ژێر پەردەی پابەندبوون بە عێراقێکی دیموکراتی و فیدراڵی شاردبوویانەوە**

**بە پێی لێدوانەکانی وەزیری دەرەوەی ئێران و پێداگریی مۆسکۆ لەسەر هێورکردنەوەی بارودۆخەکە لەنێوان ئیسرائیل و ئێران، پێدەچێت، ئێران هیچ کاردانەوەیەک بەرامبەر ئیسرائیل ئەنجام نەدات**

**• گەشتە مەکوکییەکانی واشنتۆن و ئەگەری هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا**

دوای دەست بە کاربوونی جۆن بۆڵتۆن لە جێگەی ماکماستەر لە پۆستی راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا و دەست بە کاربوونی مایك پۆمپیۆ لە جێگەی ریکس تیلرسۆن لە پۆستی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، پێدەچێت دەوڵەتانی ناتۆ و یەکێتی ئەورووپا گەیشتبێتنە ئەو قەناعەتەی کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ١٨٠ پلە گۆڕانکاری بەسەردا دێت و چیدیکە بواری ئەوە نەمابێت کە دۆناڵد ترەمپ پابەندبوونی خۆی بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی (٥+١) لەگەڵ ئێران درێژە پێبدات. هەربۆیە ترەمپ تۆپەکەی فڕیداوەتە گۆڕەپانی ناتۆ و یەکێتی ئەورووپا.

سەردانی هەفتەی رابردووی ئەمانوئیل ماکرۆن (سەرۆکی فەرەنسا) بۆ واشنتۆن و گوتارەکەی لەبەردەم کۆنگرێس، ئاماژەیەکی روون بوو بۆ ئەوەی سەرۆك ماکرۆن لە قەناعەت پێ کردنی سەرۆك ترەمپ بۆ پابەندبوون بە ڕێککەوتنەکە سەرکەوتوو نەبووە، هەر بۆیە لەگەڵ ئەوەی هیچ ئەلتەرناتیڤێکی بۆ ڕێککەوتنی (٥+١) لەگەڵ ئێران نەخستەڕوو، بەڵام دوای کرد هەوڵەکان چڕبکرێنەوە بۆ ئەوەی ئەڵتەرناتیڤێك بۆ ئەو ڕێککەوتنە بدۆزرێتەوە.

هەر بۆ هەمان ئامانج دوای ماکرۆن،



ئەنگیلا میركل (راوێژكاری ئەڵمانیا) سەردانی كۆشكی سپی كرد و لەگەڵ ترەمپ كۆبۆوە، ئەویش جەختی لەسەر ئەوە كردەوە كە رێككەوتنی (٥+١) لەگەڵ ئێران بەس نییە و دەبێت سنوورێك بۆ باڵادەستیی نفووزی ئێرانی دابنرێت.

بێگومان هەڵوێستی (فەرەنسا و ئەڵمانیا) وەك دوو دەوڵەتی سەرەكی لە رێككەوتنی (٥+١) لەگەڵ ئێران، لە رادەبەدەر بۆ سیاسەتی داهاتووی ئەمریكا بەرامبەر ئێران بە گرنگ دادەنرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ترەمپ توانیویەتی كارێك بكات كە لە كۆی ئەو شەش دەوڵەتەی ئەو رێككەوتنەیان لەگەڵ ئێران ئیمزا كردووە، چواریان كە بریتین لە (فەرەنسا، ئەڵمانیا، بەریتانیا و ئەمریكا) داوای هەڵوەشاندنەوە، یان هەمواركردنەوەی ئەو رێككەوتنە دەكەن، ئەوەی دەمێنێتەوە (رووسیا و چین)ـن، وەك دوو ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش، كە ناتوانن پێچەوانەی ئەو چوار دەوڵەتە كە سێیان ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشن، هەڵوێستی توند وەربگرن، یان پەنا بۆ بەكارهێنانی ڤیتۆ بەرن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە رووسیا لە رۆژی ١٢ی نیسانی رابردوو لە بەرامبەر بڕیاری لێدانی رژێمی ئەسەد، ڤیتۆی بەكار هێنا، بەڵام






## ناز حاجی حەمە وەیس نەسروڵا

### كاندیدی ژمارە ٤
### لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموكراتی كوردستان:

**بە پشتیوانی جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ سەرخستنی خەون و ئامانجی نەتەوەكەمان كە دەوڵەتی كوردستانە تێدەكۆشم و داكۆكیكارێكی جددی دەبم لەمافەكانی پێشمەرگە و سەرخستنی ئاكامی ریفراندۆم. لە رابردووشدا وەک خانمێكی بەهێز كارم كردووە، ئێستاش سەنگەری خەباتم دەگوێزمەوە بۆ بەغدا و كورسیی پەرلەمان دەكەم بە سەنگەری بەرگری لە مافەكانی كوردستانییان.**

لەلایەن (ئەمریکا و بەرتیانیا و فەرەنسا)وە، ڤیتۆکەی ژێرپێ خراو هیچ حیسابێکی بۆ نەکرا. بۆیە یەکگرتنی ئەم سێ دەوڵەتە ڤیتۆی رووسیای سڕکردووە و چینیش کە بەوە ناسراوە زۆر کەم پەنا بۆ بەکارهێنانی ڤیتۆ دەبات، ئەوا بە تەواوەتی هاوکێشە دژی ئێران دەگۆڕێت و بەناچاری دیخەنە نێوان دوو بەرداشەوە کە هەمواکردنەوەی رێککەوتنی (٥+١) لەخۆی دەگرێت و بریتی دەبن لە:

- کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبێت پابەندی چاودێرییەکی وردی تیمەکانی پشکنینی ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی بێت و بیسەلمێنێت کە بە هیچ شێوەیەك هەوڵ بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی نادات.
- کۆماری ئیسلامی دەبێت پابەندی یاسا نێودەوڵەتیەکان بێت و، لەژێر هیچ ناو و پەردەیەکدا دەستتێوەردان لەکاروباری دەوڵەتانی دراوسێی و ناوچەکەدا نەکات، ئەمەش مانای ئەوەیە، دەستتێوەردانەکانی سوپای پاسداران و میلیشیا وەکیلەکانی لە (عێراق و سووریا و لوبنان و یەمەن) هێندەی مەترسیی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی هەڕەشەی لەسەر ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە دروست کردووە و دەبێت ئەم دەستتێوەردانانە کۆتایی بێت.

دیارە هەتا ئێستا وەڵامی کۆماری ئیسلامی ئێران لە بەرامبەر هەڕەشەکانی ترەمپ بۆ کشانەوەی لە رێککەوتنەکە، ئەوە بووە کە ئەگەر ئەمریکا یەکلایەنە لە رێککەوتنەکە بکشێتەوە، ئەوا ئێرانیش لێی دەکشێتەوە، بەڵام دوای سەردانی ماکرۆن و مێرکل لە چەند رۆژی رابردوو بۆ کۆشکی سپی، پێدەچێت ئەم وەڵامدانەوەی ئێران کاریگەری پێشانی نەمابێت و ئەگەر رۆژی ١٢ی ئایاری داهاتوو ترەمپ لەبەردەم کۆنگرێس پەسەندکردنەوەی رێککەوتنەکە رەتبکاتەوە، ئەوا ئێران لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەکەوێتە پێگەیەکەوە و دەبێت بەرگری لە دوو پرۆگرام بکات، کە یەکێکیان پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی دەبێت و ئەوی دیکەشیان پرۆگرامی سوپای پاسداران دەبێت کە ئاسایشی نەتەوەیی ئێران لەو دیو سنوورەکانی ئێرانەوە پێناسە دەکات.

کەواتە کێشەی ئێران بۆ شەڕکردن لەسەر مانەوەی هیلال و بازنەی شیعی، تەنیا رووبەڕووبوونەوە نابێت لەگەڵ ئیسرائیل لەناو خاکی سووریا، بەڵکو ئەم بازنەیە فراوان دەبێت و ئێران بەتەنیا دەخاتە بەرەیەك و ناتۆ و یەکێتی ئەورووپا و ئەمریکا بە یەکگرتوویی دەخاتە بەرەیەکی دیکە دژی ئێران، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر ئێران بەردەوام بێت لە بەرگریکردن لە هیلال و بازنەی شیعی، ئەوا خۆی دەخاتەوە ژێر ئەو گەمارۆ نێودەوڵەتییانەی کە پێش رێککەوتنی (٥+١) لەسەری بووە.

لەماوەی ساڵانی ٢٠١٥-٢٠١٨ کە گەمارۆکان لەسەر کۆماری ئیسلامی هەڵگیرابوون، ئێران جیا لەوەی بە سەدان ملیار دۆلاری بلۆك کراوی بۆ گەڕایەوە، لە هەمانکاتدا بووەوە بە یەکێك لە دەوڵەتە گەورەکانی هەناردەکردنی نەوت، ئەمەش راشکاوانە کاریگەری لەسەر جووڵە و چالاکییەکانی سوپای پاسداران و میلیشیا وەکیلەکانی لە یەمەنەوە تا باشووری لوبنان هەبووە، وەك ئێستاش لەسەر ئەرزی واقیع دەبینین بە درێژایی ئەو بەرەی شەڕەی کە بە سەرپەرشتی سوپای پاسداران لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێوە دەبرێت، ئێران بە پلەی یەکەم سەرکەوتووی شەڕەکەیە و ئارامی و سەقامگیریش لەناوچەکە بوونی نەماوە.

لە روانگەی ئەمریکا و ناتۆ و یەکێتی ئەورووپاوە، ئێستا هاوکێشەکە بەوجۆرە دەخوێندرێتەوە، کە ئەوان بۆیە رێککەوتنی (٥+١)یان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئیمزا کرد، بۆ ئەوەی ناوچەکە لە مەترسیی چەکی ئەتۆمی دووربخەنەوە و ئاسایش و سەقامگیری بۆ ناوچەکە بگەڕێنەوە، بەڵام ئاکامی خودی ئەم رێککەوتنە بۆتە هۆکاری ئەوەی کە مەترسییەکی گەورەتر لە چەکی ئەتۆمی لەسەر ناوچەکە دروست بێت، کە ئەویش باڵادەستیی سوپای پاسداران و میلیشیا وەکیلەکانیەتی لە سەرتاسەری ناوچەکەدا.

دیارە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیتوانی لە روانگەی ئەوەی کە بڕوای بە دروستکردنی چەکێك نییە کە تەڕ و وشك پێکەوە بسووتێنێت، دەست لە پرۆگرامی چەکە ئەتۆمییەکەی هەڵبگرێت، بەڵام بە هیچ جۆرێك ناتوانێت دەست لە دەستتێوەردانەکانی سوپای پاسداران

**بۆیە رێککەوتنی (٥+١) یان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئیمزا کرد، بۆ ئەوەی ناوچەکە لە مەترسیی چەکی ئەتۆمی دووربخەنەوە و ئاسایش و سەقامگیری بۆ ناوچەکە بگەڕێتەوە، بەڵام ئاکامی خودی ئەم رێککەوتنە بۆتە هۆکاری ئەوەی کە مەترسییەکی گەورەتر لە چەکی ئەتۆمی لەسەر ناوچەکە دروست بێت، کە ئەویش باڵادەستیی سوپای پاسداران و میلیشیا وەکیلەکانیەتی لە سەرتاسەری ناوچەکەدا**

**ئەگەر ئێران بەردەوام بێت لە بەرگریکردن لە هیلال و بازنەی شیعی، ئەوا خۆی دەخاتەوە ژێر ئەو گەمارۆ نێودەوڵەتییانەی کە پێش رێککەوتنی (٥+١) لەسەری بووە**

**کێشەی ئێران بۆ شەڕکردن لەسەر مانەوەی هیلال و بازنەی شیعی، تەنیا رووبەڕووبوونەوە نابێت لەگەڵ ئیسرائیل لەناو خاکی سووریا، بەڵکو ئەم بازنەیە فراوان دەبێت و ئێران بەتەنیا دەخاتە بەرەیەك و ناتۆ و یەکێتی ئەورووپا و ئەمریکا بە یەکگرتوویی دەخاتە بەرەیەکی دیکە دژی ئێران**

هەڵبگرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە بنەڕەتدا سوپای پاسداران بۆ هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران دروست کراوەو ناتوانێت دەستبەرداری دروشمی سەرەکی و بنەڕەتیی شۆڕشی ئیسلامی ئێران بێت، کە هەناردەکردنی شۆڕشە بۆ دەرەوە، بۆیە ئەگەر رێککەوتنی (٥+١) هەڵبوەشێتەوە، ئەوا دووبارە سزاکان بەسەر ئێراندا دەسەپێندرێنەوە. بە سەپاندنەوەی سزاکانیش ئەوجا ئەگەر سزاکان نێودەوڵەتیش نەبن و تەنیا سزاکانی دەوڵەتانی ناتۆ و یەکێتی ئەوروپا بێت، ئەوا باری سەرشانی حکومەتی ئێران بە رادەیەك قورس دەبێت کە نەتوانێت لە یەك کاتدا هاوسەنگی لە نێوان سیاسەتی ناوخۆ و سیاسەتی دەرەوە کە سوپای پاسداران پێناسەی دەکات رابگرێت، تێکچوونی هاوسەنگیش لەنێوان سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەشدا، لە باشترین حاڵەتدا دۆخی ساڵانی ١٩٩٠-٢٠٠٣ی عێراق لە ناو ئێراندا دووبارە دەکاتەوە.

### ● پریشکی ئەم شەڕەی ئێران شیعەی عێراقیش لغاوگیر دەکات

ئەگەر کۆماری ئیسلامیی ئێران وەڵامدانەوەی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر بنکە سەربازییەکانی تی فۆر دوابخات، بۆ دوای ١٢ی ئایاری داهاتوو، ئەوا زەحمەتە شەڕی چاوەڕوانکراوی نێوان ئێران و ئیسرائیل فریای هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی عێراق بکەوێت، هەروەها ئەگەر هێرشی دیکەی ئیسرائیلیش چاوەڕێکردنی هەڵوێستی ترەمپ بێت، بۆ کشانەوە لە رێککەوتنی (٥+١) ئەوا دیسان زەحمەتە ئیسرائیلیش هیچ هێرشێکی دیکە بکاتە سەر بنکە سەربازییەکانی ئێران لەناو سووریادا.

بەپێی لێدوانەکانی وەزیری دەرەوەی ئێران و پێداگریی مۆسکۆ لەسەر هێورکردنەوەی بارودۆخەکە لەنێوان ئیسرائیل و ئێران، پێدەچێت، ئێران هیچ کاردانەوەیەك بەرامبەر ئیسرائیل ئەنجام نەدات، بۆیە لەم حاڵەتەدا ئەم هەڵکشانەی لە هەڕەشەکانی ئێران دژی ئیسرائیل و بەپێچەوانەشەوە، کاریگەری لەسەر هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی عێراق نابێت، بەڵام ئاکامی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق


١٨٤




## ئیبراهیم ئەحمەد هواس

**کاندیدی ژمارە ١٠**

**لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

**کاردەکەین لەپێناو مافە نەتەوەیی و نیشتمانییە جوگرافیایی و مێژووییەکانمان و لە پردێ چۆن بەرگریمان لە کوردستان کرد کە داستانێکی بێ وێنەی سەرکەوتنمان تۆمار کرد بۆ بەدەستهێنانی مافی زەوتکراو و خاکی داگیرکراومان و قووتی دزراومان، دڵنیابن ئەوهاش ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و پردێ و سحێلا بۆ ئێمە یەک سەنگەرو گۆڕەپانی بەرگرییە کە ئەمەش تەنیا بە سەنگ و قورسایی پارتی لەبەغدا جێبەجێ دەبێت، بۆیە پێویستە دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان بدەین.**

**دەستتێوەردانەکانی سوپای پاسداران و میلیشیا وەکیلەکانی لە (عێراق و سووریا و لوبنان و یەمەن) هێندەی مەترسیی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی هەڕەشەی لەسەر ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە دروست کردووە و دەبێت ئەم دەستێوەردانانە کۆتایی بێت**

**کۆماری ئیسلامیی ئێران بالادەستیی نفووزی خۆی لە یەمەنەوە تا دەگاتە باشووری لوبنان بە بەشێک لە ئاسایشی نیشتمانیی خۆی دەزانێت، بۆیە ئەگەر ئێران لەژێر هەڕەشەکانی ئیسرائیلدا ناچار بێت ئەو بنکە رۆکێتییانە هەڵبگرێت کە لەناو سووریا دایمەزراندوون، ئەوا ئەمە دەبێتە مانای ئەوەی ئێران ئەو شەڕەی دۆڕاند کە ماوەی نزیکەی ٤٠ ساڵە بەرنامەڕێژی بۆ دەکات**

**رووسیا لە مەترسیی بارودۆخەکە تێگەیشتووە، بۆیە قاسم سولەیمانی بانگهێشتی موسکۆ کردووە، بۆ ئەوەی بارودۆخەکە هێور بکاتەوە و وەڵامی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر بنکەی تی فۆر نەدرێتەوە**

و ژمارەی ئەو کورسییانەی لیستی لایەنە شیعەکانی عێراق بەدەستی دەهێنن، دەبێتە مەحەکی ئەوەی چ پریشکێکی گەورە بەر عێراق دەکەوێت.

دیارە بەپێی ئەزموونی نزیکەی ١٥ ساڵی رابردووی ئەنجامدانی هەڵبژاردن و پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت، ئەوا پێدەچێت، پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق کارێکی ئاسان نەبێت و زیاتر لەو ماوەیە بخایەنێت کە لە خولی دووەمی پێکهێنانەوەی حکومەتی مالیکی لە ٢٠١١ بینیمان، ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی رێککەوتن و پێکهاتنی نێوان سێ پێکهاتە سەرەکییەکە (کورد و شیعە و سوننە) قورستر دەبێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی کۆکردنەوەی نێوماڵی شیعە لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەکی نیشتمانیی عێراقیدا ئەگەر مەحاڵیش نەبێت، ئاسان نابێت.

لە هەڵبژاردنەکانی رابردوودا، لیستەکانی شیعە بە ئاشکرا و راستەوخۆ خۆیان بە پاشکۆی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی نەدەزانی، واتە ئەگەر هاوسۆزییەکیشیان بۆ ئێران هەبووبێت، لە ژێر پەردەی پابەندبوون بە عێراقێکی دیموکراتی و فیدراڵی شاردبوویانەوە، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەدا، میلیشیاکانی حەشدی شەعبی کە خاوەنی لیستی (فەتح)ن و، بەپێی راپرسییەکانیش ئەم لیستە کێبڕکێ لەسەر لیستی یەکەم دەکات و ئامانجی ئەوەیە کە حکومەتی داهاتوو دابمەزرێنێت، لیستەکانی دیکەی شیعەش بەتایبەتی هەر دوو لیستی (نەسر) بە سەرۆکایەتیی حەیدەر عەبادی و لیستی (دەوڵەتی قانون) بە سەرۆکایەتیی نوری مالیکی کە پێشبینی دەکرێت لەگەڵ (فەتح) سێ لیستە یەکەمەکە بن، ئەوا ئەوانیش رێککەوتنی نێوانیان بۆ پێکهێنانی کوتلەی زۆرینە قورس دەبێت و پێدەچێت چەند مانگێك بخایەنێت.

لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا، رۆڵ و باڵادەستیی نفووزی ئێرانی هۆکاری راستەقینە بووە بۆ کۆکردنەوەی هێز و لایەنە شیعەکان لە هاوپەیمانییەکەدا و پاشان زەمینەی پێکهێنانی حکومەت دروست بووە، خۆ ئەگەر ئەمجارەش بە هەمان شێوازی پێشوو، ئێران رۆڵ و نفووزی




خۆی بەکاربهێنێتەوە بۆ ئەوەی حکومەتێك لە بەغدا دابمەزرێتەوە کە شیعە تیایدا باڵادەست بێت و بە شێوەیەك لە شێوەکان سیاسەتی تاران جێبەجێ بکات، ئەوا لەکاتی دروستبوونی هەر شەڕێکی ئێران لەگەڵ هەر دەوڵەتێکی دیکەدا، حکومەتی بەغداش ناچار دەبێت هاوکاری و پاڵپشتی خۆی بۆ ئێران رابگەیەنێت، لەم حاڵەتەشدا چۆن سووریا دەبێتە ستێجێك بۆ شەڕی ئێران و دەوڵەتانی دیکە، بەهەمان شێوە عێراقیش دەبێتە ستێجێکی دیکە بۆ هەمان شەڕ.

بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئایا شیعەی عێراق ئەو توانایەی هەیە، لەلایەك باڵادەست بێت بەسەر نفووزی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و لەلایەکی دیکەوە خۆی لە




ژێر باڵادەستیی نفووزی ئێرانی بهێنێتە دەرەوە؟ لەوانەیە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەزموونی (تەیاری سەدر و مەجلیسی ئەعلای ئیسلامی عێراق) دوو نموونەی باش بن، لەبەر ئەوەی سەدر هەوڵیدا لەژێر کاریگەریی ئێران بێتە دەرەوە، بەڵام فەرماندەی هێزی قودسی سوپای پاسداران هێزەکەی سەدری دابەشکرد و چەند میلیشیایەکی وەکیلی سەر بە هێزی قودسی لێ دروستکردن، هەروەها حەکیم هەوڵیدا خۆی لە ژێر نفووزی ئێرانی بێنێتە دەرەوە، بەڵام لە (مەجلیسی ئەعلا) کردیانە دەرەوە و بەناچاری رەوتی (حیکمەی) دروست کرد، هەر لایەنێکی دیکەی شیعەش هەمان ئامانجی هەبێت، هەمان ئەزموونی تەیاری سەدر و رەوتی حیکمەی بەسەردا دووبارە دەبێتەوە.


١٨٤




## عیماد جەلیل عەبدوڵا ئەحمەد

**کاندیدی ژمارە ٧**

**لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

**بۆ ئاسوودەیی گیانی شەهیدان و گێڕانەوەی خاکی داگیرکراوی کوردستان و بەدەستهێنانی مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان، بەتایبەتی مافە داراییەکان و لەناویاندا مافە داراییەکانی هێزەکانی پێشمەرگە و مامۆستایان و هەموو فەرمانبەران و مووچەخۆران بەگشتی دەنگ بە لیستی ١٨٤ پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن.**



**ئەحمەد مەجیدیار**

شارەزای کاروباری نێودەوڵەتیی بۆ گوڵان:

# سووریا لە گۆڕەپانی شەڕی داعشەوە گۆڕاوە بۆ مەیدانی ململانێی هێزی نێوان کاراکتەرە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان

پرۆفیسۆر ئەحمەد مەجیدیار بەڕێوەبەری پرۆژەی چاودێریکردنی ئێرانە لە ئامۆژگای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بڕوانامەی ماستەری لە رۆژنامەگەری لە زانکۆی وێستمینستەر بەدەست هێناوە، هەروەها بڕوانامەی دیپلۆمی لە بواری کاروباری نێودەوڵەتیدا هەیە، شارەزای چەند بوارێکی گرنگە، وەك تیرۆریزم و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم، تایفەگەری نێوان شیعە و سوننە، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. هەروەها شارەزای کاروباری وڵاتانی ئێران و ئەفغانستان و پاکستانە. بۆ قسەکردن لەسەر دوایین پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ناوچەکە لە ئەگەرەکانی هەڵکشانی بارگرژییەکان و قووڵبونەوەی ناکۆکییەکان و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

*** چۆن لە دوایین پەرەسەندنەکانی ئەم ناوچەیە دەڕوانیت، بەتایبەتی لە دوای هێرشە مووشەکی و ئاسمانییەکانی ئەمریکا و فەڕەنسا و بەریتانیا بۆ سەر سووریا؟ ئایا ئەم پێشهاتانە چیمان پێدەڵێن و چ پەیامێکیان هەڵگرتبوو؟**

- لە راستیدا دوایین پەرەسەندنەکان ئەو واقیعەیان خستەڕوو کە بارگرژییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران و هاوپەیمانەکانی لە سووریا لە هەڵکشاندان، چونکە ئیدارەی ترەمپ بە هاوکاری هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا هەوڵی گرتنەبەری رێوشوێنەکانی بەرەنگاربوونەوەی دەستڕۆیشتوویی ئێران دەدات لە سووریا و ناوچەکەدا. هەروەها دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە تا ئێستا هەموو لایەك دوژمنێکی هاوبەشیان هەبوو کە داعش بوو لە سووریا و عێراقدا و ئێستا ئەو دوژمنە هاوبەشە تێکشکێندراوە. ئەمەش دۆخێکی خوڵقاندووە کە لە ئێستادا رووبەڕووبوونەوەی زیاتر، نەك هاوکاری لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا بەدی دەکرێت لە سووریا و عێراق و تەواوی ناوچەکەدا. هەروەها ئەوەی پەیوەست بێت بە سووریاوە، ئەوا ئێستا رووبەڕووبوونەوەی ناڕاستەوخۆی سەربازی هەیە لە نێوان ئیسرائیل و هێزە پشتیوانیکراوەکان لەلایەن ئێرانەوە و بەم دواییە بە ئاستێکی بەرچاو


١٨٤




# جوان مەحموود غەفوور ئەمین

## کاندیدی ژمارە ١٢
## لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

دەنگ بە پارتی و لیستی ١٨٤ بدە، چونکە پارێزەری دەستکەوتەکان و زامنی ئاسایش و ئاوەدانی و سەقامگیری و خۆشگوزەرانی خەڵکی کوردستانە و بۆ هێنانەدی گشت خەون و مافە رەواکانی گەلە ستەمدیدەکەمان خەبات دەکات.
دەنگ بە پارتی بدە بو ئەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بگەڕێنێتەوە باوەشی نیشتمان.
دەنگ بە پارتی بدە بۆ ئەوەی پارتی بەهێز و پێشەنگ بێت بۆ پاراستنی شەرف و کەرامەتی گەلەکەمان و لە گۆڕنانی پیلانی دوژمن و ناحەزانی کوردستان.
دەنگ بە پارتی بدە بۆ ئەوەی مەینەتی و کارەساتەکانی ئەنفال و کیمیاباران و ماڵوێرانی و ئاوارەیی دووبارە نەبێتەوە. دەنگدان بە لیستی ١٨٤ دەنگدانە بە شەونخوونی و تێکۆشانی پێشمەرگە و بەفیڕۆنەدانی خوێنی شەهیدان و پاراستنی هەرێمی کوردستان و بەرەوپێش بردنی .

**ئێران زیاتر لەو شوێنانەدا پەرە بە دەستڕۆیشتوویی خۆی دەدات کە پشێوی باڵی بەسەردا کێشاوە. کەواتە تاوەکو عێراق سەقامگیر بێت، ئەوا دەستڕۆیشتوویی ئێران لە مەودای دووردا کەم دەبێتەوە**

**ئەو گرووپ و لایەنانەی لە تارانەوە نزیکن، هێز و دەستڕۆیشتوویی زۆریان لە نێو حکومەت و پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا دەبێت**

**ئێران نەک تەنیا میلیشیای هەیە لە نێو سووریادا، بەڵکو سەرقاڵی گرتنەبەری ڕێوشوێنەکانی جێگیرکردنی بوونێکی سەربازیی درێژخایەنە لە سووریادا، ئیسرائیلیش ئەمە بە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی خۆی لێکدەداتەوە**

**ئێستا ڕووبەڕووبوونەوەی ناڕاستەوخۆی سەربازی هەیە لە نێوان ئیسرائیل و هێزە پشتیوانیکراوەکان لەلایەن ئێرانەوە و بەم دواییە بە ئاستێکی بەرچاو زیادیان کردووە**

زیادیان کردووە، چونکە ئێران نەك تەنیا میلیشیای هەیە لە نێو سووریادا، بەڵکو سەرقاڵی گرتنەبەری ڕێوشوێنەکانی جێگیرکردنی بوونێکی سەربازیی درێژخایەنە لە سووریادا، ئیسرائیلیش ئەمە بە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی خۆی لێکدەداتەوە، کەواتە ئەگەرچی ئەو وڵاتانە خوازیاری شەڕێکی گەورەی ئیقلیمی نین، بەڵام بۆی هەیە ئەم بارگرژییانە هەڵکشێن و دۆخێکی مەترسیداریان لێبکەوێتەوە.

*** کەواتە لە ئاسۆی ئەم ناوچەیەدا ناسەقامگیری و نادڵنیایی زیاتر بەدی دەکرێت؟**

- بە دڵنیاییەوە، چونکە ئەوەتا هێشتا شەڕی ناوخۆیی سووریا کۆتایی نەهاتووە، هێشتا ئەسەد بەشێکی زۆری دانیشتووانی وڵاتەکەی کۆنتڕۆڵ کردووە و لایەنەکانی موعارەزە و بەشێك لە گرووپە تیرۆریستییەکانیش دەستیان بەسەر بەشێکی خاکی وڵاتەکەدا گرتووە، هەروەها ئەگەرچی داعش خەلافەتەکەی لەدەست داوە، بەڵام هێشتا وەك هێزێکی بەتوانا ماوەتەوە. لەلایەکی دیکەوە بارگرژی و رکابەریی ئیقلمیش لەسەر خاکی سووریا لەهەڵکشاندایە. کەواتە دۆخەکە بەرەو باشتر ناچێت، بەڵکو زیاتر ئاڵۆز دەبێت. ئێستا لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیش، سووریا لە گۆڕەپانی شەڕی داعشەوە گۆڕاوە بۆ مەیدانی ململانێی هێزی نێوان کاراکتەرە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان.

*** کەواتە دەتوانین بڵێین یەکێك لە ئامانج و پەیامە سەرەکییەکانی هێرشەکانی ئەم دواییەی سەر سووریا، رووسیا بووە، بەو پێیەی ئێستا باس لە دووبارە هاتنەئارای شەڕی سارد دەکرێت لە نێوان ئەمریکا و رووسیادا؟**

- نکۆڵی لەوە ناکرێت کە رووسیا و ئەمریکا چەندین بەرژەوەندیی جیاوازیان هەیە لە ئەورووپای رۆژهەڵات و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و ئاشکرایە سەرۆك پوتین هەوڵی چەسپاندنی هێز و دەستڕۆیشتوویی رووسیا دەدات لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و لەم رووەوە ئێران بە هاوپەیمانێکی گرنگ دەزانێت بۆ هێنانەدی تێڕوانینە ستراتیژییەکەی لە ئاست ئەم ناوچەیەدا. هەروەها رووسیا هەوڵی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی دەدات لەگەڵ تورکیادا- ئەمە سەرەڕای جیاوازییەکانی نێوانیان-، هەموو ئەمانە لە کاتێکدایە کە پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ئەمریکاو ئەورووپادا لە رەوشێکی باشدا نییە. ئەگەرچی ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە دۆخی سووریا بە چەشنێك هەڵدەکشێت کە سەردەکێشێت بۆ هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان رووسیا و ئەمریکادا. چونکە هێشتا میکانیزمی هاوکاریکردن لە نێوانیاندا هەیە بۆ ئەوەی هیچ رووداوێکی نەخوازراو روونەدات کە ببێتەهۆی ئەوەی شەڕێکی گەورە لە نێوانیاندا دروست بێت. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە رەنگە لە ئایندەدا هێرشی دیکە رووبدات و رەوشەکە ئاڵۆز بێت.

*** هەر لە پەیوەندی بە ناکۆکیی نێوان ئێران و ئەمریکاوە، ئایا پێشبینی ئەوە دەکەیت کە ئەمریکا تاکلایەنە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە بکشێتەوە؟**

- لە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەی نێوان دۆناڵد ترەمپ و سەرۆکی فەرەنسا ماکرۆندا، دۆناڵد ترەمپ بە ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بە ئەگەری هێشتنەوەی ڕێککەوتنەکە- نەك هەڵوەشاندنەوەی- کرد، ئەویش دوای ئەوەی لەگەڵ وڵاتە ئەورووپییەکاندا کاردەکرێت بۆ باشتر داڕشتنەوەی هەندێ لە بڕگەکانی ڕێککەوتنەکە، بە چەشنێك کە ڕێککەوتنەکە پرسی پەیوەست بە توانا مووشەکییەکانی ئێران لەخۆ بگرێت، هەروەها ئایندەی پڕۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانیش چارەسەر بکات، چونکە هەندێ لە بڕگەکانی ڕێککەوتنە دوای چەند ساڵێکی دیکە کۆتایی پێدێت، لە هەمان کاتدا رۆڵی ئێرانیش لە ناوچەکەدا یەکلابکرێتەوە. کەواتە لە ئێستادا ئەورووپییەکان سەرقاڵی گەڵاڵەکردنی پاکێجێکن بۆ ئەوەی پێشکەشی ترەمپ بکرێت، تاوەکو پارێزگاری لە ڕێککەوتنەکە بکات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو نادڵنیاییەی لەبەرامبەر ڕێککەوتنەکە هەیە، نارەوێتەوە، چونکە هێشتا کۆدەنگییەك لە نێوان ئەورووپییەکاندا نییە لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم پرسەدا. کەواتە ئەوەی زیاتر ئەگەری روودانی دەکرێت، ئەوە نییە کە ترەمپ لە ڕێککەوتنەکە بکشێتەوە، بەڵکو کارکردنی زیاتری ئەمریکایە لەگەڵ وڵاتە ئەورووپییەکاندا بۆ دروستکردنی فشاری زیاتر لەسەر ئێران.

*** با بێینە سەر هەڵبژاردنەکانی عێراق، هەروەك دەزانن ئەنجامدانی ئەم هەڵبژاردنانە نزیك بۆتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەرئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنە بە چەشنێك دەبن کە ببێتەهۆی چەسپاندنی زیاتری دەستڕۆیشتوویی ئێران لەم وڵاتەدا؟**

- بە دڵنیاییەوە هاوپەیمانەکانی ئێران، ئیدی لە نێو گرووپەکانی حەشدی شەعبیدا بن، یان لە نێو ئەو پارتە سیاسییانەی کە نزیکن لە تارانەوە، بەشدارییەکی چالاکی هەڵبژاردنەکان دەکەن و

هاوپەیمانێتیان پێکهێناوە. بەڵام ئاشکرایە گفتوگۆکان و ڕێککەوتنەکانی دابەشکردنی دەسەڵات لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە ڕوودەدەن، نەك پێش هەڵبژاردنەکان، بەڵام دەتوانین بڵێین ئەو گرووپ و لایەنانەی لە تارانەوە نزیکن، هێز و دەستڕۆیشتوویی زۆریان لە نێو حکومەت و پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر هەموو لایەنەکان دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانیان قبووڵ کرد و عێراق هەنگاوی بەرەو سەقامگیری هەڵگرت، ئەوا دەتوانرێت وردە وردە کاریگەریی ئێران کەم بکرێتەوە، نەك زیاد بکرێت، چونکە ئێران زیاتر لەو شوێنانەدا پەرە بە دەستڕۆیشتوویی خۆی دەدات کە پشێوی باڵی بەسەردا کێشاوە. کەواتە تاوەکو عێراق سەقامگیر بێت، ئەوا دەستڕۆیشتوویی ئێران لە مەودای دووردا کەم دەبێتەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە لە مەودای کورتدا لایەنە نزیکەکان لە تارانەوە دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی زیاتریان دەبێت لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا.

*** دواپرسیارمان لەبارەی ڕۆڵی سعودیە لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی لە سایەی دەسەڵاتی شازادەی جێنشین، محەمەد بن سەلمان، چ خوێندنەوەیەکتان بۆ ئەوە هەیە؟**

- من هەوڵەکانی محەمەد بن سەلمان دەبینم بۆ نزیکبوونەوە لە عێراق و تەنانەت سەرکردە شیعەکانی عێراقیش- سەرکردەی سیاسی و ئایینی-، چونکە هەر کاتێك سعودیە بە تەواوەتی خۆی دوورەپەرێز بگرێت لە عێراق، یان پەیوەندییەکانی بپچڕێنێت لەگەڵیدا، ئەوا ئەمە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی سعودیە نەکردووە. کەواتە ئێستا کە عێراق پێویستی بە هاوکارییە بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکە و بە سەرخستنی پرۆسەی ئاشتەوایی لە نێوان شیعە و سوننەدا، ئەوا سعودیە دەتوانێت ڕۆڵێکی ئیجابی ببینێت. کەواتە پێویستە نزیکبوونەوەی سعودیە لە شیعەی عێراق بە ئاماژەیەکی ئیجابی دابنرێت، بە مەرجێك ئەمە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران نەبێت، بەڵکو لە پێناو سەقامگیری عێراقدا بێت. کەواتە ئەگەر ئەمە بەرەوپێش بچێت، ئەوا ئەم هەنگاوە یارمەتیدەر دەبێت بۆ سەرخستنی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و سەقامگیرکردنی دۆخی عێراق، ئەو کاتەش هاوسەنگییەك لە نێوان دەستڕۆیشتوویی هێزە ئیقلیمییەکان لە ناو عێراقدا دروست دەبێت، واتە بە تەنیا ئێران زۆرترین کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی لەو وڵاتەدا نابێت.





# بەشار حەمید مەحموود

## کاندیدی ژمارە ٣١
## لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

**دەنگدان بە پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو هێزو قورساییە لە بەغدا دروست دەکات و هەوڵدەدەین پارێزگاری لەو پێکەوەژیانە بکەین کە لە پارێزگای نەینەوا هەیە. دەنگدان بە پارتی، پارێزگاریکردنە لە شنگال و دەشتی نەینەوا و پاراستنی ئایین و ئایینزاکانە و قورسایی پارتی لە بەغدا تواناو هێزێکە بۆ ئاوەدانکردنەوەی موسڵ. پارتی زامنی مافە دەستووری و یاساییەکانی گەلی کوردستانە بە هەموو پێکهاتەکانەوە، بۆیە دەنگدان بە لیستی ژمارە ١٨٤ ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرییە.**



### پاراستنی چەکوش و داسەکەی کۆریای باکوور چیتر پێویستی بە چەکی ئەتۆمی نییە

# کردنەوەی هێڵی ٣٨ لە رووخانی دیواری بەرلین گرنگترە



ئەگەر شەڕی کۆریا و پاشان دابەشکردنی کۆریا بۆ (باشوور و باکوور) لەساڵی ١٩٥٣، هەموو هۆکارەکانی دروستبوونی شەڕی ساردی نێوان ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتی پێشان نەبوویت، ئەوا خودی شەڕەکە و دابەشکردنی کۆریا، دەرهاویشتەی شەڕی سارد بووە و لەمەش زیاتر شەڕی ساردی نێوان ئەمریکا و سۆڤیەتی پێشانی بردە قۆناخێکی جیاوازی ئەوتۆ کە لەدوای ساڵی ١٩٥٣وە بە فاکتەری سەرەکیی ئەو شەڕە ساردە تازەیە ناو ببرێت.

یەکێتی سۆڤیەتی پێشان بۆ پاراستنی (چەکوش و داس)ـەکانی وڵاتانی کۆمۆنیستی، ئەوجا لەهەر کیشوەرێکی ئەم جیهانە بووبێت، پەنای بۆ چەکی ئەتۆمی بردووە، تەنانەت ئەگەر وڵاتێکی وەکو (کوبا) توانای دروستکردنی ئەو چەکەکەشی نەبووبێت، ئەوا سۆڤیەت خۆی بنکە و رۆکێتی ئامادەی بردووە و لەو وڵاتە جێگری کردوون، لەم چوارچێوەیەدا کۆریای باکووریش وەك وڵاتێکی دیکەی چەکوش

١٨٤




محەمەد ئیسماعیل سلێمان

کاندیدی ژمارە ٤١
لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری و گەڕانەوەی هەموو مافە زەوتکراوەکانی گەلی کوردستان لەبەغدا، تەنیا بە پارتی دیموکراتی کوردستان و دەنگدان بە لیستی ژمارە ١٨٤ دێتەدی، ئەو پارتەی هەڵگری پەیامی نەتەوەیی و نیشتمانییە.

**ئێستا کیم جۆنگ ئۆن سەرۆکی کۆریای باکوور، بێجگە لە ئەزموونی سەرکەوتووی کۆریای باشوور، ئەزموونی گۆڕانکارییەکانی کۆماری چینی کۆمۆنیستیشی لەبەردەستە کە بتوانێت بە ئاسانی لاساییان بکاتەوە و لەماوەیەکی چەند ساڵێکدا گۆڕانکاری زۆر گەورە و سەرسوڕهێنەر دروست بکات**

**رووخانی دیواری بەرلین لە ٩ی نۆڤێمبەری ١٩٨٩ بە تەواوەتی کۆتایی بە ململانێی نێوان بلۆکی کۆمۆنیست و سەرمایەداریی دیموکراتیی رۆژئاوا نەهێنا، بەڵکو بۆ ماوەی نزیکەی ٢٩ ساڵی دیکە درێژەی دا بەشەری سارد لە نیمچە دوورگەی کۆریا و رۆژهەڵاتی ئاسیادا**

**نزیکەی ٢٥ ساڵە، کۆریای باکوور لە ژێر چەتری چەکی ئەتۆمیدا خۆی پاراستووە، کە ساڵی پار بە جۆرێک تەنگژەکە لەنێوان کۆریای باکوور و ئەمریکا هەڵکشا، کە سەرۆکی کۆریای باکوور تەحەددای ئەمریکا بکات و بڵێت دوگمەی تەقاندنی چەکە ئەتۆمییەکان لەسەر مێزی ئۆفیسەکەمە**

و داس، هەر لەدوای کۆتاییهاتنی تەنگژەی کوبا لەگەڵ ئەمریکا لە ساڵی ١٩٦٢، داوای لەیەکێتی سۆڤیەت کرد کە هاریکاری بکات بۆ ئەوەی دەست بە دروستکردنی چەکی ئەتۆمی بکات، بەڵام یەکێتی سۆڤیەت ئەو داوایەی کۆریای باکووری رەتکردەوە، لەبری ئەوە هاوکاری کرد کە پرۆژەی وزەی ئەتۆمی بۆ بواری ئاشتی هەبێت، ئەمەش واتە یەکێتی سۆڤیەت ژێرخانێکی وزەی ئەتۆمی بۆ دروست کرد، هەر بۆیە دوای ئەوەی چین لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو دەستی بە کۆمەڵێك ریفۆرمی ئابووری کرد و سەرەتای شکستی سیستمە چەکوش و داسەکان دەرکەوت، ئیدی کۆریای باکوور لەگەڵ ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٥ رێککەوتنی (دانانی سنوور بۆ بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی)یشی ئیمزا کردبوو، بەڵام هەوڵیدا توانای زاناکانی لە پرۆژەی وزەی ئەتۆمی بۆ بواری ئاشتی بگۆڕێت بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی، ئەم پرۆژەیەش لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو کۆتایی هات و لە ساڵی ١٩٩٣ کوریای باکوور رێگەی نەدا، تیمەکانی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی، دامەزراوەکانی کۆریای باکوور بپشکێنن، لەو کاتەوە تا ئێستا کە نزیکەی ٢٥ ساڵە، کۆریای باکوور لە ژێر چەتری چەکی ئەتۆمیدا خۆی پاراستووە، کە ساڵی پار بە جۆرێك تەنگژەکە لەنێوان کۆریای باکوور و ئەمریکا هەڵکشا، کە سەرۆکی کۆریای باکوور تەحەددای ئەمریکا بکات و بڵێت دوگمەی تەقاندنی چەکە ئەتۆمییەکان لەسەر مێزی ئۆفیسەکەمە.

مەبەست لە ئاماژەکردن بەم باکگراوەندە بۆ ئەوە بوو بڵێین: رووخانی دیواری بەرلین لە ٩ی نۆڤێمبەری ١٩٨٩ بە تەواوەتی کۆتایی بە ململانێی نێوان بلۆکی کۆمۆنیست و سەرمایەداریی دیموکراتیی رۆژئاوا نەهێنا، بەڵکو بۆ ماوەی نزیکەی ٢٩ ساڵی دیکە درێژەی دا بەشەری سارد لە نیمچە دوورگەی کۆریا و رۆژهەڵاتی ئاسیادا، ماوەی ئەم ٢٩ ساڵەش وەك ٤٢ ساڵی شەڕی ساردی نێوان سۆڤیەت و ئەمریکا، چەندین تەنگژەی وای دروستکردووە کە هیچی لە تەنگژەکانی پێشووی سەردەمانی شەڕی ساردی ئەمریکا و سۆڤیەت کەمتر نەبووە، تەنانەت داکۆکیکردنی کۆریای باکوور لە ئاڵای چەکوش و داسەکەی چەندین جار جیهانی خستۆتە سەر مەترسیی بەکار هێنانی چەکی ئەتۆمی.

لەماوەی ساڵی یەکەمی ئیدارەی ترەمپ لە ساڵی ٢٠١٧، رەوتی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا رەنگدانەوەی ستراتیژ و گۆڕانکارییەکانی ترەمپ نەبوون، هەر بۆیە لەو ساڵەدا پێداگریی ئەمریکا لەسەر داماڵینی چەکە ئەتۆمییەکانی کۆریای باکوور، وەك هەوڵێك بۆ رووخانی رژێمی چەکوش و داسەکە لەلایەن کۆریای باکوور لێك دەدرایەوە، بەڵام کاتێك لەسەرەتای ٢٠١٨ ترەمپ ستافی دروستکردنی سیاسەتی دەرەوەی گۆڕی و باشتر سیماکانی ستراتیژیەتی ئیدارەکەی دەرکەوت، ئەمەش بەو مانایەی ئەمریکا چیدیکە دەستتێوەردان لە گۆڕینی رژێمەکانی دەوڵەتانی جیهان ناکات و لای ئەمریکا گرنگ نییە کۆریای باکوور کۆمۆنیستییە، یان دیموکراتی و گەرەنتی کردنی ئەم بۆچوونەش لەلایەن چینەوە، ئەوا بە هاوکاری چین و دەستپێشخەری ترەمپ بۆ گریدانی لوتکەیەك لەنێوان هەردوو سەرۆکدا، رەفتار و هەڵسوکەوتی کیم جۆنگ ئونی دیکتاتۆرە گەنجەکەی کۆریای باکوور گۆڕاو، جۆرێك لە کرانەوە لە نێوان کۆریای باکوور و چین و کۆریای باشوور هاتەئاراوە، هەتا لە رۆژی ٢٧ی نیسانی رابردوو، کیم جۆنگ ئون خۆی چووە سەر سنووری هێڵی ٣٨ کە ماوەی ٦٥ ساڵە بۆتە سنوور لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا و تەوقەی لەگەڵ مۆن جای ئۆنی سەرۆکی کۆریای باشوور کرد و پێی نایە سەر خاکی کۆریای باشوور و پاشان پەلی مۆن جای ئۆنی گرت بۆ سەر خاکی کۆریای باشوور، ئەوجا لەناو خاکی کۆریای باشوور دەستیان بە کۆبونەوەیەك کرد، وەك کۆبوونەوەیەك بۆ کۆتاییهێنان بە ئاگربەسی ٦٥ ساڵی رابردوو و قۆناخی یەکەمی دروستکردنی ئاشتی لەنێوان هەردوولادا و هەوڵەکان بۆ داماڵینی چەکی ئەتۆمی دەستی پێکرد.

بڕیاردان بۆ دروستکردنی ئاشتی لەلایەن کۆریای باکوورەوە لەگەڵ کۆریای باشوور، وەك بڕیاری دروستکردنی ئاشتی لەگەڵ ئەمریکا و رۆژئاوایە، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە لە ماوەی ٦٥ ساڵی رابردوودا، ئەمریکا و رۆژئاوا پارێزەری کۆریای باشوور بوون و ئێستاش ئەگەر کۆریای باکوور و باشوور کێشەیان نەبێت، ئەوا ئەمریکا و رۆژئاواش لەگەڵ کۆریای باکوور هیچ کێشەیان نییە.

دیارە هەموو چاودێرانی ئەو کەیسە لە سەرانسەری جیهان لەسەر ئەو بۆچوونە کۆکن کە دیداری نێوان سەرۆکی کۆریای باکوور و کۆریای باشوور، زەمینەی لوتکەی نێوان ترەمپ و کیم جۆنگ لە چەند هەفتەی دادێ ئاسان دەکات و هەردوو

دەگەنە ریککەوتنێك کە هەردوولا پێی رازی بن، ئەو رازیبوونەش بۆ کۆریای باکوور بەو جۆرە دەبێت کە ئاڵای چەکوش و داسەکە هەر شەکاوە دەبێت، بۆ ئەمریکا و رۆژئاواش ئەوە دەبێت کە سنوورێك بۆ رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی دابنرێت.

دیارە کۆتاییهاتن بە شەڕی ئایدیۆلۆژیی نێوان کۆریای باکوور و ئەمریکا و رۆژئاوا، خۆی لە خۆیدا بوار رەخساندنە بۆ دەرکەوتنی سیستمی دیکەی سەرکەوتووی سیاسی، بە هاوشێوەی سیستمی دیموکراتی و زیاتریش، دیارە کۆریای باشوور لە ژێر چەتری پارێزگاری ئەمریکادا توانی تەنیا لە ماوەی ١٠ ساڵدا نموونەی سیستمێکی سەرکەوتووی ئەوتۆ لە دەرەوەی سیستمی دیموکراتی پیادە بکات، کە کۆریای باشووری لە جیهانی سێیەمەوە بردە جیهانی یەکەم، ئەوکات لە ساڵی ١٩٦١ پارگ چنگی سەرۆکی ئەوکاتی کۆریای باشوور ئەزموونێکی سەرکەوتووی ئەوتۆی لەبەر دەست نەبوو، کە دووبارە کۆریای باشووری بونیاد نایەوە، بەڵام ئێستا کیم جۆنگ ئۆن سەرۆکی کۆریای باکوور، بێجگە لە ئەزموونی سەرکەوتووی کۆریای باشوور، ئەزموونی گۆڕانکارییەکانی کۆماری چینی کۆمۆنیستیشی لەبەردەستە کە بتوانێت بە ئاسانی لاساییان بکاتەوە و لەماوەیەکی چەند ساڵێکدا گۆڕانکاری زۆر گەورە و سەرسوڕهێنەر دروست بکات.

ئەم رووداوانە کە دەبنە بەرهەمی کردنەوەی هێڵی ٣٨ وەك سنور لەنێوان هەردوو کۆریادا، دەبێتە سەرەتایەکی گرنگ بۆ بونیادی سیستمی حوکمرانی سەرکەوتوو لەدەرەوەی سیستمی حکومرانی لە جیهاندا، بواردانیش بە نەتەوەکانی جیهان بۆ ئەوەی لە دەرەوەی سیستمی دیموکراتی، داهێنان لە سیستمی حوکمرانی سەرکەوتوو بکەن، کۆتایی بەو کێشمە کێشە دەهێنێت کە لەدوای رووخانی دیواری بەرلینەوە لەنێوان رۆژئاوای دیموکراتی و ئەو دەوڵەتانەی دیکە نایانەوێت دیموکراتی کۆپی بکەنەوە دەهێنێت و، هەژموون باڵادەستی بە کۆپیکردنەوەی سیستمی دیموکراتی رۆژئاوا دەگۆرێت بۆ جۆرێك لە هاوسەنگی و کێبڕکێی نێوان حکومرانیە باشەکان و، گێرانەوەی ئاشتی و سەقامگیری بۆ جیهان. هەر بۆیە ئەگەر رووخانی دیواری بەرلین، ئاماژەیەك بوویێت بۆ سەرکەوتنی دیموکراتی بەسەر سیستمی کۆمونیستیدا، ئەوا کردنەوەی هێڵی ٣٨ دەبێتە ئەو وەرچەرخانەی کە سیستمە جیاوازەکانی جیهان پێکەوە ئاشت دەکاتەوە.




# عیدۆ خەلەف مراد قاسو

## کاندیدی ژمارە ٤٦ لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

**لەپێناو یەکڕیزیی نێوماڵی کورد و بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر بۆ گەلی کوردستان و گەیاندنی دەنگی مەزڵوومییەتی کورد بەتایبەتی کوردانی ئێزیدی بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و قەرەبووکردنەوەی قوربانییانی کوردانی ئێزیدی و ناساندنی کارەساتی ئێزیدییەکان وەکو جینۆساید، دەنگ بدە بە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەو پارتەی دەتوانێت لە پەرلەمانی عێراق دەنگی راستەقینەی نەتەوەی کورد بێت و ماددەی ١٤٠ی دەستوور جێبەجێ بکات و ئارامی و سەقامگیری بۆ شنگال بگەڕێنێتەوە.**




ستیڤن بیدڵ

تایبەتمەندی کاروباری نێودەوڵەتیی بۆ گوڵان:

# هیوادارام هەڵبژاردنەکانی عێراق هەنگاوێک بن بە ئاراستەی راست و دروستدا

ستیڤن بیدڵ توێژەری باڵایە لە بواری سیاسەتی بەرگری لە ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەو پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و کاروباری نێودەوڵەتییە لە زانکۆی جۆرج واشینتۆن. ساڵی ٢٠٠٧ لە تیمی هاوبەشی هەڵسەنگاندنی ستراتیژی لەگەڵ ژەنەڕاڵ پەترایۆس لە بەغدا کاری کردووە، هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٨-٢٠٠٩ راوێژکاری باڵای تیمی هەڵسەنگاندنی فەرماندەیی ناوەندی ژەنەڕاڵ پەترایۆس بووە لە واشنتۆن. لە میانەی دیمانەیەکدا کە تەوەرەکانی بریتی بوون لە بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرسی هەڵبژاردنەکانی عێراق و سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا، گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستەکرد و ئەویش بەم شێوەیە تێڕوانینەکانی خۆی خستەڕوو.

*** هەروەك ئاشکرایە عێراق لە رووداوێکی گرنگ و پڕبایەخ نزیك دەبێتەوە، کە هەڵبژاردنی پەرلەمانییە، وەك کەسێك کە کارتان لەسەر دۆسیەی عێراق کردووە، پێتانوایە تا چەند ئەم هەڵبژاردنانە کاریگەریی ئیجابییان لێدەکەوێتەوە لەسەر کۆی پرۆسەی حوکمڕانی لەم وڵاتەدا، یاخود ئایا پێتانوایە دەرئەنجامی سلبی لێدەکەوێتەوە؟**

- خۆی لە خۆیدا هەڵبژاردن یەکێك لە ئامرازەکانی جیاکردنەوەی دەوڵەتی بەهێز لە دەوڵەتی لاوازە، دواتر پرۆسەی دروستکردنی دەوڵەتێکی بەهێز، پرۆسەیەکی درێژخایەن و لەسەرخۆیە و بە شێوەیەکی کتوپڕ روونادات. هەرچۆنێك بێت، من هیوادارام ئەم هەڵبژاردنانە هەنگاوێك بن بە ئاراستەی راست و دروستدا. بەڵام مایەی سەرسوڕمانی من دەبێت ئەگەر هەنگاوێکی گەورە بێت بەم ئاراستەیەدا، بەڵام بەلای کەمەوە هیوادارم هەنگاوێك بێت بەو ئاقارەدا.

*** ئەی پێتوایە سیاسەت و هەڵوێستی حکومەتی ئەمریکا چی دەبێت لە ئاست عێراقدا؟ ئایا پێتوایە ئەمریکا پابەندبوونێکی درێژخایەنی دەبێت بە بەهێزکردنی دامەزراوەکان**


١٨٤




# د. شەیما نەجم سەفەر نوور

**کاندیدی ژمارە ٣٠**
**لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

وەک کوردێکی فەیلی و وەک مامۆستایەکی زانکۆ زۆر سوپاسی سەرۆک بارزانی دەکەم کە ئەو هەلەی بە ئێمە داوە، بۆ یەکەم جار کوردانی فەیلی لەناو لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان خۆیان کاندید بکەن. پلانی من بە پشتیوانی خوا ئەگەر چوومە پەرلەمان، ئەوە دەبێت کە ئەو ئەزموون و توانایەی هەمە بەکاری بهێنم بۆ داکۆکیکردن لە مافی نەتەوەی گەلی کورد بەگشتی و کوردانی فەیلی بەتایبەتی، چونکە ئێمەی کوردانی فەیلی بە درێژایی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکان هەمیشە غەدرمان لێکراوە.

**ڕووسیا و ئێران بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەیە لە مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی وەک هاوپەیمانێتییەک هەڵسوکەوت بکەن لە سووریا و لە عێراقدا، ئەگەرچی ڕەنگە نەتوانین بڵێین ئەمە هاوپەیمانێتییەکی قووڵە**

**ئەوروپا لەبەر ئەوە بە سەپاندنی ئەو سزایانە بەسەر ئێراندا ڕازی بوو، چونکە پێیوابوو ئەمە دەبێتە هۆی ڕێگرتن لە شەڕی ئەمریکا لە دژی ئێران و ڕێگایەکە بۆ ئەوەی ڕێککەوتن بکرێت، لە دەرئەنجامیشدا ئەو ڕێککەوتنە کرا**

**ناجێگیریی سیاسەتی ئەمریکا لە زۆر ڕووەوە و لەبەر زۆر هۆکار دەرهاویشتەی خراپی لێدەکەوێتەوە، چونکە لەلایەک دەبێتە هۆی زیادبوونی دەستڕۆیشتوویی ئێران و ڕووسیا، لەلایەکی دیکەوە کاریگەریی سلبی لێدەکەوێتەوە لەسەر بەرەوپێشچوونی دامەزراوەکان لە وڵاتێکی وەک عێراقدا**

**و هێنانەئارای سەقامگیرییەوە لەم وڵاتەدا؟**

- من پێموایە دابەشبوونێك هەیە لە نێو ئیدارەی ئەمریکادا لەم ڕووەوە، چونکە وەزارەتی بەرگری و دەرەوەی ئەمریکا دەیانەوێت ئەمریکا پابەندبوونێکی درێژخایەن و جێگیریان هەبێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە ئەمریکا سەرۆکێکی هەیە هەر شەش خولەك جارێك بۆچوونی خۆی لە بارەی هەموو شتێکەوە دەگۆڕێت، بەڵام کۆنگرێسمانە کۆمارییەکانیش ئەو شتانە دەڵێن کە سەرۆك خوازیارە بیڵێت. لەبەر ئەوە زۆر زەحمەتە بزانین سیاسەتێکی جێگیری ئەمریکا لەبارەی هەر پرسێکی دیاریکراوەوە چی دەبێت. چونکە شارەزایانی وڵاتەکە و ناوچەکە سەقامگیری و سیاسەتێکی جێگیریان دەوێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە هەر سەرلەبەیانێك سەرۆك بۆچوونێکی هەیە.

*** ئێوە وتتان زەحمەتە بتوانین بزانین سیاسەتی جێگیری ئەمریکا چییە لە ئاست هەر پرسێکدا، بەڵام ئایا پێتوایە لە ئێستادا ئەمریکا زیاتر خۆی بە دوور دەگرێت لە کێشەکانی ئەم ناوچەیە، یان ئەگەری ئەوە هەیە هەوڵی زیاتر بخاتەگەڕ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم ناوچەیە؟**

- ئەمە پتر بەندە بە دۆناڵد ترەمپەوە، پێش هەڵبژاردنی دۆناڵد ترەمپ بە سەرۆکی ئەمریکا، دەکرا بڵێین ئیدارەی ئەمریکا سیاسەتێکی جێگیری هەیە لە ئاست ئەم ناوچەیەدا، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد، دۆناڵد ترەمپ کەسێکی پێشبینی نەکراوە و هەموو سەرلەبەیانییەك و لەسەر بنەمای ئەو هەواڵانەی دەیخوێنێتەوە، بۆچوونەکانی دەگۆڕێت. ڕاستە زۆر جار شارەزایانی نێو وەزارەتی بەرگری بۆچوونەکانی پێ دەگۆڕن، بەڵام دڵنیا نیم ئەمە چەند دەخایەنێت. چونکە ئەو بە شێوەیەکی بەردەوام ئەو کەسانەی لە نێو ئیدارەکەیدا لابردووە کە شارەزاییان هەیە، نەك کەسانێك کە شارەزاییان نییە. کەواتە من لەوە دڵنیا نیم کە حکومەتی ئەمریکا لە ئاییندەدا چی دەکات و پێموانییە هیچ کەسێکیش بتوانێت لەمە دڵنیا بێت، چونکە ئەمە پەیوەستە بە کەسایەتییەکەوە کە بە زۆر بە خێرایی بۆچوونەکانی دەگۆڕێت.

*** باشە ئەی ئەم گۆڕانکارییانەی ئەم دواییەی نێو ئیدارەی ترەمپ، وەك دەستبەکاربوونی وەزیری نوێی دەرەوە و ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی، ئایا هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر گۆڕینی ئاراستەی سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکا نابێت؟**

- لە ڕاستیدا من پێموایە ئەم گۆڕانکارییانە دەرئەنجامی پێچەوانەیان لێدەکەوێتەوە، چونکە چاوەڕوان ناکرێت ئەو کەسایەتییە نوێیانەی نێو ئیدارەی ئەمریکا بتوانن کاریگەرییەکی ئەوتۆیان هەبێت کە لە دەرئەنجامدا دۆناڵد ترەمپ بۆچوونێکی جێگیری هەبێت، بەڵکو زیاتر کەموکوڕیی کەسایەتی ترەمپ، یان لایەنە سلبییەکانی کەسایەتیی ترەمپ قووڵتر دەکەنەوە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە ترەمپ بەرپرسیارێتی سپاردووە بەو کەسانە، چونکە ترەمپ پێیوایە شەکەت بووە لەوەی کە ڕێگەی نەدەن دەستی واڵا بێت، بەتایبەتی لەلایەن ماتیس و پێشتریش تێلیرسۆنەوە، ئێستاش دەیەوێت ئەو کەسانە کاری بۆ بکەن کە ڕێگەی دەدەن کە هەر کارێك کە بیەوێت ئەنجامی بدات.

*** زۆر کەس ئیدارەی ئێستای ئەمریکا بە کابینەی جەنگ وەسف دەکەن، تا چەند لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدا هاوڕایت؟**

- هەندێ کەس بە کابینەی جەنگ ناوزەدی دەکەن، بەڵام دەکرێت کابینەی جەنگ، یان ئاشتی بێت، بەڵام من دەڵێم ئەمە کابینەی دۆناڵد ترەمپ و ترەمپیش سیاسەتی جێگیر و پێشبینی کراوی نییە. بینیمان ئەو ڕایگەیاند دەیەوێت لە سووریا بکشێتەوە، بەڵام دواتر بە مووشەکی کرۆز هێرشی کردە سەر ئەو وڵاتە. واتە دەکرێت بەیانییەك بڕیار بدات کە دەیەوێت لەو وڵاتە بکشێتەوە و ئیدارەکەشی پشتیوانی لێ بکەن و دەکرێت ڕۆژێکی دیکە ڕایبگەیەنێت کە خوازیاری کەمکردنەوەی ژمارەی سەربازەکانی ئەمریکایە و ئیدارەکەشی پاڵپشتی لێدەکەن.

*** ئەی ڕات چییە لەبارەی وەزیری بەرگرییەوە، پێتوانییە بتوانێت کاریگەری لەسەر دۆناڵد ترەمپ هەبێت؟**

- ژەنەڕاڵی جەیمس ماتیس- وەزیری بەرگریی ئەمریکا- پاڵپشتی لە گرتنەبەری سیاسەتێکی

جێگیر و سەقامگیر دەکات، بەڵام ماتیس بە تەنیایە و ئەو کەسانەی دەکرا کاریگەرییان لەسەر سەرۆك هەبوایە، دوور خراونەتەوە.

*** پێتوانییە یەکێك لە کاریگەری و دەرهاویشتەکانی نەبوونی سیاسەتێکی جێگیر لەلایەن ئەمریکاوە لە ئاست ئەم ناوچەیەدا ئەوەیە کە رکارەبەرەکانی ئەمریکا توانیویانە پەرە بە دەستڕۆیشتوویی و کاریگەریی خۆیان بدەن لەسەر حیسابی ئەمریکا؟**

- بە تێڕوانینی من ناجێگیریی سیاسەتی ئەمریکا لە زۆر رووەوە و لەبەر زۆر هۆکار دەرهاویشتەی خراپی لێدەکەوێتەوە، چونکە لەلایەك دەبێتە هۆی زیادبوونی دەستڕۆیشتوویی ئێران و رووسیا، لەلایەکی دیکەوە کاریگەریی سلبی لێدەکەوێتەوە لەسەر بەرەوپێشچوونی دامەزراوەکان لە وڵاتێکی وەك عێراقدا. لەبەر ئەوە من کەسێك نیم، پشتیوانی لە ترەمپ بکەم و پێموایە ئەو سیاسەتانەی پیادەیان دەکات، جێی داخن و ئەوەش جێی داخە کە ئەو کەسانەی دوورخستۆتەوە کە ئەگەری ئەوە هەبوو تێڕوانینی پێچەوانەی بۆچوونەکانی سەرۆکیان بخستایەتەڕوو. من پێم خۆش نییە رەشبین بم، بەڵام هەڵبژاردنی دۆناڵد ترەمپ بە سەرۆکی ئەمریکا جێی داخ بوو، سەری کێشا بۆ گرتنەبەری چەند سیاسەتێکیش کە جێی خۆشحاڵی نین.

*** ئاشکرایە کە خودی دۆناڵد ترەمپ چەندین لێدوانی داوە دژی ئێران و رێککەوتنە ئەتۆمییەکە، ئایا پێشبینی هەڵکشانی زیاتری گرژییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران دەکرێت؟ ئایا ئەگەری ئەوە هەیە ئەمریکا لەو رێککەوتنە بکشێتەوە؟**

- ئێمە دەبێت ئەوە بزانین کە ترەمپ باوەڕی بەوە هەیە کە دەبێت بەرامبەرەکانت لێت نادڵنیا بن، لەگەڵ ئەوەشدا — بە بەراورد بە ئیدارەی ئۆباما، یاخود هیلاری ئەگەر سەرکەوتوو بوایە- زۆر رێی تێدەچێت کە ئیدارەی ترەمپ تاکلایەنە لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە بکشێتەوە، کەواتە ئێستا کشانەوە لەو رێککەوتنە ئەگەرێکە و لە دوای هەڵبژاردنی ترەمپ وەك سەرۆك هاتۆتەئاراوە.

*** بەڵام ئایا ئاکام و دەرهاویشتەکانی**





# شالاو ئەمین پیرداود ئەحمەد

## کاندیدی ژمارە ١٠
## لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

لای ئێمە ئەولەوییەت بۆ کوردستانەو لە پێش هەموو شتێکەوەیە، هەبوونی تیمێکی پاک و دڵسۆز و بەهێزی کورد لە بەغدا پێویستە بۆ پاراستنی پێگەی بەهێزی هەرێمی کوردستان. لە پێناو کوردستان دەچینە بەغدا و لەوێش داکۆکیکارێکی سەرسەختی کێشەی رەوای گەلەکەی خۆمان دەبین. پێشمەرگەیەکی بوێر دەبین لە بواری شەڕە دەستوورییەکان بۆ بەرگریکردن لە دەستکەوتە سیاسی ومافە یاسایی و شایستە داراییەکانی هەرێم. بەهێزیی کورد لە بەغدا زامنە بۆ باشترکردنی بژێوی ژیانی خەڵک. خزمەتکردنی سەرجەم چین و توێژەکان، جووتیاران، کرێکاران، هەژاران، لاوان، قوتابیان، ئافرەتان، فەرمانبەران، پێشمەرگەوهێزە ئەمنییەکان و کادیران و زانایانی بەڕێزی ئایینی لە ئەولەوییەتی ئامانجەکانی کارنامەی من دەبێت.




**کشانەوەیەکی لەم چەشنە چی دەبێت؟**

- ئاشکرایە دەرهاویشتەکانی زۆر سلبی دەبن، چونکە ئەو کاتە سیستمە سزا سەپێنراوەکان بەسەر ئێراندا دەڕووخێت، لەبەر ئەوەی ئەورووپییەکان هاوڕا نابن لەسەر سەپاندنەوەیان، چونکە لە بنەڕەتدا ئەورووپا لەبەر ئەوە بە سەپاندنی ئەو سزایانە بەسەر ئێراندا رازی بوو، چونکە پێیوابوو ئەمە دەبێتە هۆی ڕێگرتن لە شەڕی ئەمریکا لە دژی ئێران و ڕێگایەکە بۆ ئەوەی ڕێککەوتن بکرێت، لە دەرئەنجامیشدا ئەو ڕێککەوتنە کرا. لەبەر ئەوە ئەگەر ئێستا ترەمپ ئەو ڕێککەوتنە هەڵبوەشێنێتەوە، ئەوا ئەورووپا هاوکاری ناکات بۆ دووبارە سەپاندنەوەی سزاکان. ئەو کاتە ئێرانیش چالاکتر دەست بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی دەکاتەوە، ئەم هەنگاوەش دەبێتەهۆی ئەوەی سعودیە و ئیسرائیل هەست بە هەڕەشە بکەن و ئەگەری ئەوە هەیە ببێتەهۆی دروستبوونی پشێوی لە ناوچەکەدا، کە ئەمەش دەرئەنجامێکی خراپە.

*** ئەی پێتوانییە سەرۆکی فەڕەنسا بتوانێت قەناعەت بە دۆناڵد ترەمپ بهێنێت بۆ ئەوەی لەو ڕێککەوتنە نەکشێتەوە؟**

- هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، تاکە شتێك کە بتوانیت بە دڵنیاییەوە بیڵێین ئەوەیە کە ترەمپ کەسێکی پێشبینی نەکراوە. لەلایەکی دیکەوە ژمارەی ئەو کەسانەی نێو ئەمریکا کە ئامادە بن بە ترەمپ بڵێن پێویستە پابەند بێت بە ڕێککەوتنەکەوە، لە کەمبوونەوەدان. ئەمە تێڕوانینی تیلێرسۆن بوو، دوورخرایەوە، ئەمە بۆچوونی ماکماستەر بوو، لابرا، ستافەکەی ماکماستەر ئەم لێکدانەوەیان هەبوو، ئەوەتا ژمارەیان کەم دەبێتەوە و دووردەخرێنەوە. تاکە کەسێك مابێتەوە کە پێیوایە پێویستە ئیدارەی ئەمریکا پەیوەست بێت بە ڕێککەوتنەکەوە جەیم ماتیسە. کەواتە ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنەکە —لەلایەن ئەمریکاوە- زیاتر دەبێت لەگەڵ دوورخستنەوەی هەر کەسێکی نێو ئیدارەکەدا کە باوەڕی وایە پێویستە پارێزگاری لەو ڕێککەوتنە بکرێت.

*** لە یەکێك لە وەڵامەکاندا باست لەوە کرد کە نەبوونی سیاسەتێکی جێگیر لەلایەن ئەمریکاوە، بۆتە هۆی زیادبوونی دەستڕۆیشتوویی ئێران و رووسیا، ئایا پێتوایە ئێستا ئەم دوو وڵاتە هاوپەیمانێتیەکی ستراتیژییان لەبەرامبەر**

**چاوەڕوان ناکرێت ئەو کەسایەتییە نوێیانەی نێو ئیدارەی ئەمریکا بتوانن کاریگەرییەکی ئەوتۆیان هەبێت کە لە دەرئەنجامدا دۆناڵد ترەمپ بۆچوونێکی جێگیری هەبێت، بەڵکو زیاتر کەموکوڕیی کەسایەتیی ترەمپ، یان لایەنە سلبییەکانی کەسایەتیی ترەمپ قووڵتر دەکەنەوە**

**ئەمریکا پێکهێناوە و هەموو کارتەکانی دۆخی سووریایان بەدەستەوەیە؟**

- نکۆڵی لەوە ناکرێت کە رووسیا و ئێران بەرژەوەندیی هاوبەشیان هەیە لە مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی وەك هاوپەیمانێتییەك هەڵسوکەوت بکەن لە سووریا و لە عێراقدا، ئەگەرچی رەنگە نەتوانین بڵێین ئەمە هاوپەیمانێتییەکی قووڵە.

*** چۆن لە ئایندەی سووریا دەڕوانیت؟ ئایا ئەگەر ئەو وڵاتە پارچە پارچەش نەبێت، ئەگەری ئەوە نییە کە بەسەر چەند ناوچەیەکی نفووزدا دابەش ببێت؟**

- لە راستیدا ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە سووریا بۆ هەمیشە بە دابەشکراوی بمێنێتەوە، ئەو دۆخەی پێشووی سوریا ناگەڕێتەوە. ئەمەش لە بەشێکیدا بەهۆی دەستڕۆیشتوویی بەهێزیی لایەنە دەرەکییەکانە، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی بێتوانایی رژێمی ئەسەدە کە ناتوانێت سەرجەم خاکی وڵاتەکەی کۆنتڕۆڵ بکاتەوە و حوکمڕانیی خۆی تێدا بچەسپێنێت.

*** پێشبینییەکانت بۆ ئایندەی ئەم ناوچەیە چین؟**

- پێموایە خراپترین سیناریۆ ئەوەیە کە جەنگێکی ناوکی لە نێوان ئێران و سعودیە و ئیسرائیلدا رووبدات، با ئومێدی ئەوە بخوازین کە ئەمە روونەدات.

*** ئەی ناکرێت پێشبینی سیناریۆیەکی باش بکرێت؟**

- باشترین سیناریۆ ئەوەیە کە پرۆسەی جنێڤ ببێتەهۆی هێنانەئارای نەخشەیەکی درێژخایەن بۆ تێپەڕاندنی قۆناغی ئینتیقالی لە سووریا- بە بێ ئەسەد- کە زامنی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی پێکهاتەی عەلەوی ئەو وڵاتەش بکات. ئەوەی پەیوەندی بە عێراقیشەوە هەبێت، ئەوا باشترین سیناریۆ ئەوەیە کە عەبادی سەرکەوتوو بێت لە هەوڵەکانی بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی و بەهێزکردنی دامەزراوەکان و کوردستانیش- ئەگەرچی سەربەخۆیی بەدەست نەهێنا- بتوانێت بە رادەیەکی گەورە خۆی حوکمڕانی خۆی بکات لە چوارچێوەی عێراقێکدا بێت کە گەندەڵی و خراپەکارییەکی کەمتر لە خۆ بگرێت.





# د. ئەبوبەکر دیوانە حەمد حەسەن

## کاندیدی ژمارە ١٩

## لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

**کاردەکەین لە پێناو سەرخستنی مافی کرێکاران و پیشەوەران و خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان و هەموو هەوڵێک دەخەینەگەڕ لە پێناو دابینکردنی هەلی کارکردن بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیماگاکان و نەهێشتنی بێکاری و رەخساندنی دەرفەتی کار بۆ ئافرەتان. کاری لەپێشینەم گەڕاندنەوەی مووچەی مووچەخۆران دەبێت و دەبێت لەکاتی خۆیدا بەبێ پاشەکەوت وەربیگرن. لاوان و ئافرەتان داینەمۆی گۆڕانکارین و هەوڵ بۆ مافەکانیان دەدەم. هیچ کات پارتی سازشی لەسەر مافە ڕەواکانی کوردستان نەکردووە و ناهێڵێت کوردستان بکەوێتە ژێر دەستی زاڵم و ستەمکارەکانی دەوروبەر، بۆیە دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان بدەن.**

# هەنگاوەکانی داهاتووی سیاسەتی ئەمریکا لە سووریا و عێراقدا

**کشانەوەی کتوپڕی ئەمریکا هەڵەیەکی ستراتیژی دەبێت کە بە سوودی ئێران و ڕژێمەکەی ئەسەد و ڕووسیا و حزبوڵا و داعش دەشکێتەوە**

**ئێران کار لەسەر ئەوە دەکات کە ئەو میلیشیا رادیکاڵە شیعانەی خۆی کۆنترۆڵیان دەکات، ڕۆڵێکی سیاسییان هەبێت. بەو شێوەیە دەبنە ئەسپەکەی تەڕوادە بۆ لەناوبردنی سەروەریی عێراق بە چەشنی ئەوەی حزبوڵا کە سەروەریی لوبنانی لەناو بردووە**

ئیدارەی ترەمپ لە ماوەی ساڵێکی دەسەڵاتیدا هەوڵەکانی هاوپەیمانیی سەربازی چڕکردۆتەوە بۆ لە ناوبردنی داعش لە سووریا و عێراقدا، بەمەش پانتایی ئەو خاکەی کە پێشتر لەژێر دەسەڵاتی خەلافەتە ساختەکەدا بوو، کەم کردۆتەوە بۆ لە سەدا دە (٣٪). لە هەمان کاتدا رووسیا و ئێران بەردەوامن لە بەهێزکردنی رژێمی سووریا بە سەرۆکایەتی بەشار ئەل ئەسەد، تورکیا و ئەو هێزانەی تورکیاش پشتیوانییان لێدەکات، سەرقاڵی چەسپاندنی دەستکەوتانیانن لە بەشی باکووری رۆژهەڵاتی سووریادا. سەرۆك دۆناڵد ترەمپ خواستی خۆی دووپات کردەوە بۆ کشاندنەوەی خێرای هێزەکانی ئەمریکا. پێویستە ئەمریکا ستراتیژیەتێکی جێگیر دابرێژێت بۆ ئەوەی ئەو ئامانجانە بەدی بهێنێت کە واقیعبینانە بن و توانای بەدەستهێنانیانی هەیە. پێویستە ئەم ستراتیژیەتەش ئەمانە لەخۆ بگرێت:

تێکشکاندنی زیاتر و رێگەگرتن لە دروستبوونی داعش، ئەلقاعیدە، یان گرووپی هاوشێوەی دیکە، سنووردارکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێران، ئیحتیواکردنی دەرهاویشتەی ناسەقامگیرکاری شەڕی ناوخۆیی سووریا بۆ دەرەوەی ئەو وڵاتە، بەرپەرچدانەوەی بەکارهێنانی چەکی کیمایی و پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق و پشتیوانیکردنی لە خۆبەڕێوەبەریی هەرێمی کوردستان.

## • دۆخێکی ئاڵۆز

ئیدارەی ترەمپ هەنگاوێکی راست و دروستی هەڵگرت، کاتێك پێداگیری کرد لەسەر ئەوەی تێکشکاندنی داعشی کردە ئەولەوییەتی سەرەکیی سیاسەتی ئەمریکا لە سووریادا و بە رەوتێکی خێرا فشارە سەربازییەکانی چڕکردەوە بۆ لاوازکردن و تێکشکاندنی یەکجارەکیی داعش، بەڵام داعش دوژمنێکە مرونەتی هەیە و توانای خۆگونجاندنی هەیە و خاوەنی فرت و فێڵە و دەتوانێت سەرهەڵبداتەوە، لە رابردووشدا ئەم کارەی کردووە، ئەویش کاتێك واشنتۆن پشتی کردۆتە دۆخەکە. لەم هەفتانەی دواییدا، داعش پانتاییەکانی ژێردەستی بەرفراوان کرد لە رۆژهەڵاتی دیمەشق و هێرشی پێچەوانەی ئەنجامدا لە رۆژهەڵاتی سووریادا، ئەویش دوای ئەوەی هێزەکانی سووریای دیموکرات- کە پشتیوانییەکی مشتومڕئامێزی لێدەکرێت لەلایەن ئەمریکاوە- بەشێك لە هێزە سەربازییەکانی تەرخان کرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشە سەربازییەکەی تورکیا لە دژی عەفرینی کوردنشین لە باکووری رۆژهەڵاتی سووریا.

دۆخەکە لە عێراقدا باشترە، بەڵام هێشتا مایەی نیگەرانییە. بە پێچەوانەی سووریاوە، ئەمریکا دەتوانێت کار لەگەڵ حکومەتێکی دۆست لە بەغدا و هاوپەیمانێکی بەهێز لە هەرێمی کوردستاندا بکات، کە بۆ چەندین ساڵ پەنتاگۆن کاری لەگەڵ پێشمەرگەی ئەم هەرێمەدا کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا داعش وەك هەڕەشەیەك بوونی ماوە لە چەند ناوچەیەکی رۆژئاوا و باکووری عێراقدا و ئێرانیش تۆڕێك لە میلیشیا شیعە رادیکاڵەکانی دروست کردووە کە لە سووریا و هەروەها لە عێراقیشدا جێگیری کردوون.

## • ئەو ئامانجە واقیعبینانەی دەتوانرێت بەدەست بهێنرێن

ئەمریکا هەم لە سووریا و هەم لە عێراقیشدا بەرژەوەندیی ستراتیژی هەیە. تەحەددای بەردەم داڕێژەرانی سیاسەت بریتییە لە گەڵاڵەکردنی سیاسەتێك کە ببێتەهۆی بەرەوپێشبردنی ئەو بەرژەوەندییانە، بەڵام بە بێ ئەوەی ئەمە



نووسینی: جەیمس فیلیپس و لیوک کۆفی

لە سایتی هێریتیج فاوندەیشن بڵاوکراوەتەوە.

سەربکێشێت بۆ تێوەگلانێکی مەترسیدار و پڕتێچوون بەرەو ئامانجێکی بەرزەفڕانەی وەك بنیادنانی نەتەوە. سەرۆك ترەمپ راست بوو کاتێك رایگەیاند کە دەیەوێت سەربازەکانی بگەڕێنێتەوە بۆ وڵاتەکەی، بەڵام پێویستە ئەمە بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە ئەنجام بدرێت، واتە هەلومەرجە ئیقلیمییەکە و دۆخی سەر ئەرزی واقیع لەبەرچاو بگرێت. پێویستە رەوتی کشانەوەکە بە گوێرەی بارودۆخە ئەمنییەکەی سەر ئەرزی واقیع بێت لە رۆژهەڵاتی سووریادا، نەك پەیوەست بێت بە خشتەیەکی زەمەنییەوە کە پێشوەختە بڕیاری لێ درابێت.

پێویستە ئەمریکا لەسەر بنەمای چەند ئامانجێکی واقیعبینانە کە توانای بەدەستهێنانیان هەبێت سیاسەتی خۆی دابڕێژێت:

- **لە سووریا**
- تەواوکردنی ئەرکی تێکشکاندنی داعش و رێگەگرتن لە سەرهەڵدانەوەی گرووپی هاوشێوەی دیکە. پێویستە بوونی سەربازیی ئەمریکا بگونجێنرێت لەگەڵ ئەرکەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمدا، کە سەرەتاش دەبێت ئامانجە بنەڕەتییەکەی بەرگرتن بێت لە سەرهەڵدانەوەی داعش، یان گرووپێکی تیرۆریستی هاوشێوە. ئەگەر پێویست نەبوو، ئەوا نابێت سیاسەت داڕێژەران یەك رۆژ زیاتر هێزەکانی ئەمریکا لە سووریادا بهێڵنەوە، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە دەبێت خۆیان بەدوور بگرن و رانەکێشرێنە نێو ئەرکی بنیادنانی نەتەوەوە. هەروەها پێویستە ئەمریکا کاری زیاتر بکات بۆ ئەوەی هاوپەیمانە عەرەبەکانی بەرپرسیارێتی زیاتر بگرنەئەستۆ بۆ سەقامگیرکردنەوەی رۆژهەڵاتی سووریا لە رێی دابینکردنی سەرباز و هاوکاری ئابوورییەوە. بۆ نموونە، هاوپەیمانەکانی نێو


✓ ١٨٤




# سۆلاف ئەحمەد مەحموود محێدین

## کاندیدی ژمارە ٨
## لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

**بۆ بەرگری لە مافە رەواکانی گەلی کوردستان لە بەغدا دەنگ بدەن بە لیست و کاندیدە دڵسۆزو نیشتمانپەروەرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، چونکە هەموو کاتێک پارتی سەنگەری داکۆکییە لە دەستکەوت و مافە رەواکانی نەتەوەکەمان.**

**پێویستە واشنتۆن هانی سەرکردە شیعەکانی عێراق بدات بۆ بنیادنانی حکومەتێک کە دەرفەت بۆ هەمووان بڕەخسێنێت و بواری بەشداریکردن بە کورد، سوننە و مەسیحی و گرووپە کەمینەکانی دیکە بدات**

**پێویستە واشنتۆن کار بکات لەسەر پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی مەرکەزی لە بەغدا و هەرێمی کوردستان و بیێتە ناوبژیوان بۆ گەیشتن بە رێککەوتنێک بۆ دابەشکردنی داهاتی نەوت بە شێوەیەکی یەکسان**

**لە ماوەی چەند هەفتەی رابردوودا ئیسرائیل چەند هێرشێکی لە دژی پێگەی ئێران و حزبولڵای سووریادا ئەنجامدا. هەروەها تاران خوازیارە رێڕەوێکی وشکانی بە تێپەڕبوونی لە عێراق و سووریا بەرەو کەناری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست بکات**

**ئەمریکا دەتوانێت کار لەگەڵ حکومەتێکی دۆست لە بەغدا و هاوپەیمانێکی بەهێز لە هەرێمی کوردستاندا بکات، کە بۆ چەندین ساڵ پەنتاگۆن کاری لەگەڵ پێشمەرگەی ئەم هەرێمەدا کردووە**

ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو، وەك سعودیە و ئیمارات دەتوانن هێزی تایبەت تەرخان بکەن بۆ ئەوەی جێی ٢٠٠٠ سەربازەکەی ئەمریکا- کە هێزی تایبەتن- بگرنەوە لە سووریا. لە کاتێکدا قەتەر و کوەیت دەتوانن بە شێوەیەکی سەرەکی هاوکاری ئابووری بۆ ناوچە رزگارکراوەکان دەستەبەر بکەن. ئاشکرایە ئەم هاوپەیمانێتییە پێویستی بە پاڵپشتی ئاسمانی و هاوکاری لۆژیستی و پشتیوانیی هەواڵگریی ئەمریکا دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستی بە ژمارەیەکی کەمتری هێزی زەمینی ئەمریکا هەیە، چونکە هاوپەیمانە عەرەبییەکان جێی دەگرنەوە.

● بنیادنانەوەی پەیوەندییە تەقلیدییە باشەکان لەگەڵ تورکیا. بۆ حەوت دەیە ئەمریکا و تورکیا وەك دوو هاوپەیمانی ناتۆ پەیوەندییەکی باشی ئەمنییان لەگەڵ یەکدا هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو چەند ساڵەی دوایی ئەوەی سەلماند کە تەحەددا لەم پەیوەندییانەدا دروست بووە کاتێك سەرۆکی تورکیا رەجەب تەیب ئەردۆغان — کە کەسایەتییەکی پێشبینی نەکراوی هەیە- زیاتر و زیاتر بەرەو خۆسەپێنی دەچێت. کەواتە دروستکردنەوەی پەیوەندییە باشەکان لە بەرژەوەندیی هەردوو وڵاتدایە. پێویستە ئەمریکا لە نزیکەوە کار لەگەڵ تورکیادا بکات بۆ رەنگرێژکردنی ئایندەی باکووری سووریا، ئەمەش پێویستی بە گەیشتنە بە تێگەیشتنێکی هاوبەش لەبارەی رۆڵی چەکدارە کوردییە سوورییەکانەوە، رەنگە ئەمەش پێویستی بە پەرەپێدانی ئاگربەستی نێوان تورکیا و پەکەکە و رێککەوتنێکی سیاسی بەرفراوان لەنێوان حکومەتی ئەردۆغان و پارتە سیاسییە کوردییە میانڕەوەکان لە تورکیا بێت.

● ئیحتیواکردن و خاوکردنەوەی کاریگەریی ناسەقامگیرکاریی شەڕی ناوخۆیی سووریا. پێویستە واشنتۆن تەرکیز لەسەر بەرگرتن لە پەلهاویشتنی شەڕی سووریا بکات بۆ دەرەوەی سنوور، بۆ ئەوەی نەبێتە هەڕەشە بۆ سەر هاوپەیمانەکانی ئەمریکا، بەتایبەتی لە ئیسرائیل و ئەردەن، لەگەڵ سنووردارکردنی شەپۆلی پەنابەران بۆ ئەورووپا لە رێی هاوکاریکردنیان لە چەند شوێنێکی نزیکی وڵاتی خۆیان. هەروەها پێویستە ئەمریکا لە نزیکەوە کار لەگەڵ هاوپەیمانەکانیدا بکات بۆ راگرتنی چوونی چەکدارەکان بۆ سووریا و لەوێشەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان.

● بەرگرتن لە هەڵکشانی شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل. لە ماوەی چەند هەفتەی رابردوودا ئیسرائیل چەند هێرشێکی لە دژی پێگەی ئێران و حزبولڵای سووریادا ئەنجامدا. هەروەها تاران خوازیارە رێڕەوێکی وشکانی بە تێپەڕبوونی لە عێراق و سووریا بەرەو کەناری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست بکات، ئەمەش دەبێتەهۆی هەڕەشەیەکی راستەوخۆ بۆ سەر ئیسرائیل. لە کۆتاییدا بەراورد بە داعش، ئێران مایەی هەڕەشەیەکی گەورەترە بۆ سەر سەقامگیری ناوچەیی، هەروەها بۆ سەر ئیسرائیلیش.

● بەرپەرچدانەوەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن رژێمی ئەسەدەوە. سەرۆکی ئەمریکا میسداقیەتی ئەمریکای بەدەست هێناوەتەوە، ئەویش دوای ئەوەی سەرۆك باراك ئۆباما شکستی هێنا کە نەیتوانی هێڵی سوور بسەپێنێت لە پەیوەندی بەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاییدا. پێویستە ئەمریکا بەردەوام بێت لە سەرکردایەتیەکردنی هەوڵە نێودەوڵەتییەکان لە دژی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە سووریا.

● **لە عێراق**

● دەستەبەرکردنی هاوکاری بۆ عێراقییەکان بۆ ئەوەی حکومەتێکی جێگیر و سەقامگیر لەو وڵاتەدا بنیاد بنرێت. عێراق لە ١٢ی مانگی ئایاردا هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەنجام دەدات کە گرنگە بۆ سەرپێکەوتنەوە لە دوای ئەو دۆخە لەرزۆکەی کە بەهۆی هێرشی داعشەوە دروست بوو. پێویستە واشنتۆن هانی سەرکردە شیعەکانی عێراق بدات بۆ بنیادنانی حکومەتێك کە دەرفەت بۆ هەمووان بڕەخسێنێت و بواری بەشداریکردن بە کورد، سوننە و مەسیحی و گرووپە کەمینەکانی دیکە بدات. هەروەها نزیکبوونەوە لە سەرکردە عەرەبی سوننە بەتایبەتی کە ئەمە هەنگاوێکی گرنگە بۆ لاوازکردنی بانگەشەکانی داعش و میلیشیا ئیسلامییە سوننەکانی دیکە.

● بەردەوامیدان بە پشتیوانیکردنی هێزە ئەمنییەکانی عێراق. داعش لە رووی سەربازییەوە تێکشکێندراوە، بەڵام دەکرێت دووبارە سەرهەڵبداتەوە، کە لە رابردووشدا ئەم کارەی کردووە. پێویستە واشنتۆن درێژە بە هەوڵەکانی بدات بۆ پڕۆفیشناڵکردن و ئەنجامدانی چاکسازی لە نێو هێزە ئەمنییە ناوخۆییەکاندا بۆ بەرگرتن بە خزمخزمێنە و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و گەندەڵی. بە هەمان شێوە پێویستە واشنتۆن بەردەوام بێت لەمەشقکردن بە سوپای عێراق بۆ ئەوەی

پارێزگاری لێ بکات و بیکاته پارسەنگی ئەو میلیشایانەی ئێران پشتیوانییان لێدەکات و خراونەتە ژێر سایەی هێزە ئەمنییە حکوومییەکانەوە.

● پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق و لە هەمان کاتدا پشتیوانیکردن لە خۆبەڕێوەبەریی هەرێمی کوردستان. هێزە کوردییەکان هاوپەیمانێکی متمانەپێکراو بوون لە شەڕی دژ بە داعش لەنێو عێراق و سووریادا. پێویستە واشنتۆن کار بکات لەسەر پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی مەرکەزی لە بەغدا و هەرێمی کوردستان و ببێتە ناوبژیوان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێک بۆ دابەشکردنی داهاتی نەوت بە شێوەیەکی یەکسان.

● کەمکردنەوەی دەستڕۆیشتوویی ئێران. ئێران هەوڵی بەرفراوانکردنی دەستڕۆیشتوویی خۆی داوە، لە کاتێکدا کە داعش لە پاشەکشەدا بووە. ئێستاش کار لەسەر ئەوە دەکات کە ئەو میلیشیا رادیکاڵە شیعانەی خۆی کۆنترۆڵیان دەکات، رۆڵێکی سیاسییان هەبێت. بەو شێوەیە دەبنە ئەسپەکەی تەڕوادە بۆ لەناوبردنی سەروەریی عێراق بە چەشنی ئەوەی حزبوڵا، کە گرووپێکی دیکەی سەر بە ئێرانە و سەروەریی لوبنانی لەناو بردووە. پێویستە واشنتۆن فشار لەسەر بەغدا دروست بکات بۆ ئیحتیواکردن و پەراوێزخستنی کاریگەریی سیاسیی ئەو میلیشیایانەی ئێران پاڵپشتییان لێ دەکات و پەرە بە پەیوەندییەکانی نێوان بەغدا و ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو بدات، بۆ ئەوەی پارسەنگێك لەبەرامبەر دەستڕۆیشتوویی ئێراندا دروست بێت.

● **دەرئەنجام**

پێویست ناکات ئیدارەی ترەمپ هەمان هەڵەی ئیدارەی پێش خۆی لە عێراقدا دووبارە بکاتەوە، واتە نابێت هێزەکانی بکێشێتەوە، پێش ئەوەی عێراق ئامادە بێت و بتوانێت بۆشاییەکە پڕبکاتەوە. پێویستە هەنگاو بە هەنگاو هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا و عێراق کەم بکرێنەوە، ئەویش بە گوێرەی هەلومەرجی ئەمنیی سەر ئەرزی واقیع، نەك بە گوێرەی خشتەیەکی زەمەنی کە نەتوانرێت دەستکاری بکرێت. ئەمەش بواری هەماهەنگی دەڕەخسێنێت لە سووریادا، کاتێك هاوپەیمانەکانی نێو ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو دەتوانن جێی سوپای ئەمریکا لەو وڵاتەدا بگرنەوە. کشانەوەی کتوپڕی ئەمریکا هەڵەیەکی ستراتیژی دەبێت کە بە سوودی ئێران و رژێمەکەی ئەسەد و رووسیا و حزبوڵا و داعش دەشکێتەوە.




## کەمال جەمال محەمەد سدیق

**کاندیدی ژمارە ١٧**

**لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

**دەنگ بدەن بە پارتی دیموکراتی کوردستان، چونکە پارتی یەکگرتووە و هێزی یەکەمە لە کوردستان و پارێزەری کوردستان و بەدیهێنەری مافی چارەی خۆنووسینە و پارتی دەستکەوتی زیاتر بۆ کوردستان مسۆگەر دەکات.**

## لە هەڵبژاردنەکانی ٦ی ئایاری لوبناندا..

# ئایا حزبوڵا براوەی یەکەم دەبێت و زۆرترین کورسی بەدەست دێنێت؟

لە دوای شۆڕشی (ئەرز)ی لە ساڵی ٢٠٠٥ و کشانەوەی هێزەکانی سووریا لە لوبنان، لە هەموو ئەو هەڵبژاردنانەی کە لە لوبنان ئەنجام دراون، حزبوڵا دووچاری دۆڕان بۆتەوە، بەڵام دواتر لە ئاکامی ئەو گۆڕانکارییانەی لە یاسای هەڵبژاردن هاتنەئاراوە، هاوکات بەهۆی گۆڕانکاری لە هاوپەیمانییە سیاسییەکانی حزبوڵا و هاوپەیمانەکانی، ئەمە هاندەر بوو، تا پێشبینی ئەوە بکەن کە پێشوەختە زۆرینەی پەرلەمانی بێ هیچ رکابەرێك لە هەڵبژاردنەکانی مانگی داهاتوو دەستەبەر بکەن، بەمەش باڵادەستیی حزبوڵا لە داڕشتن و دروستکردنی بڕیاری ئەمنی و سەربازی لە لوبنان زیاتر دەبێت.

لە هەردوو ساڵی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٩دا (هاوپەیمانیی ١٤ی ئادار) کە پشتگیریی رۆژئاوا دەکات، توانی زۆرینەی پەرلەمانی بەدەست بهێنێت، سەرباری ئەو تەحەددییە ئەمنییەی کە حزبوڵا ئەنجامی دابوو، بە شێوەیەك کە ئەم حزبە، دوای هەردوو جاری هەڵبژاردنەکان، دەستی کرد بە هەڕەشەو توندوتیژی لەپێناو لاوازکردنی سەرکەوتنەکانی ئیئتلافەکە کە لە ماوەی رابردوودا رۆڵی بەرچاوی هەبوو لە کۆتاییهێنان بە داگیرکاریی سووریا.


لە ساڵی ٢٠٠٨دا و دوای پەناگیرییەك کە ١٨ مانگی خایاند و بووە هۆی پەکخستنی پەرلەمان و دامەزراوەکانی دیکە لە ناوەڕاستی بەیروتی پایتەخت، هێزەکانی حزبوڵا پەلاماری پایتەخت و شارۆچکەی قەزای (شوف)یان دا، دواتر زنجیرە گفتوگۆیەکی بەدوا داهات، بە تایبەتیش لە وڵاتی قەتەر بە مەبەستی راگرتنی شەڕ، ئەوە بوو حکومەتێکی نیشتمانی لێکەوتەوە، کە بە راستی توانی دەسەڵاتەکان لە (هاوپەیمانیی ١٤ ی ئادار) بسەنێتەوە، کە لە ئەنجامی بردنەوەی هەڵبژاردنەکانی پێشوو بەدەستی هێنابوون. دوای ئەمە بە دوو ساڵ، چەند وەزیرێکی فراکسیۆنی حزبوڵا دەستیان لە کار کێشایەوە، کە بووە هۆی هەرەسهێنانی حکومەتەکەی ١٤ی ئادار بە سەرۆکایەتیی سەعد حەریری و پێکهێنانی حکومەتێکی دیکەی یەکێتیی نیشتمانی.

لە هەڵبژاردنەکانی ئەم جارەشدا کە لە ٦ی ئایاردا ئەنجام دەدرێت، پێویست بەوە ناکات، حزبوڵا گرنگی بدات بە هەڕەشەکردن لە حکومەت، یان رووخاندنی، چونکە حزبوڵا لەئێستادا لەگەڵ نەیارە سیاسییەکانی پێشوویدا تەبایە، ئێرانییەکانیش کە پشتیوانیی دەکەن، حەزیان لێیە سەقامگیری لە لوبنان درێژەی هەبێت، لە کاتێکدا کە کار بۆ ئەوە دەکەن هەژموونی خۆیان لە بەشەکانی دیکەی ناوچەکە جێگیر بکەن.

لە راستیدا، لە ساڵی ٢٠٠٩وە هەلومەرجەکە بە تەواوی لە بەرژەوەندیی حزبەکە گۆڕاوە، هەرچەندە بڵاوبوونەوەی باڵادەستیی سووریا هۆکاری نیگەرانیی هەندێ هاووڵاتی لوبنانی بووە، بەڵام ئەمە تواناو لێهاتوویی حزبوڵای بە دیدی دەنگدەرانی دیکە باشتر کردووە. لە هەموو شتێك گرنگتر ئەوەیە کە رکابەرییەکان بەرامبەر ئەو حزبە زۆر لاوازن، چونکە هاوپەیمانیی ١٤ی ئادار رووی لە لاوازییە، سەعد حەریری-یش لەگەڵ حزبوڵا تەباترە لەوەی کە رکابەریی بکات، دیارە هەر لەو کاتەوەی کە لە شوێنی بەزۆر مانەوەی لە سعودیە گەڕاوەتەوە لە تشرینی دوومی رابردووەوە، هەروەها پەشیمان بوونەوەی لە دەست لەکارکێشانەوەکەی، پەیوەندییەکانی لەگەڵیدا باشتر بووە، بەڵام ئەو شەپۆلە نەخوازراوەی واقیعی سیاسی، یان

**پێشبینی ئەوە دەکرێت کە بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەواڵگری سەبارەت بە دەستکەوتی ناشەرعیی حزبوڵا و ئەو تاوانانەی ئەنجامیان دەدات ببێتەهۆی شێواندن و لەکەدارکردنی راستگۆیی حزبەکە**

**بەرپرسانی رۆژئاوا دەتوانن حزبوڵا زیاتر لاوازو پەرتەوازە بکەن، ئەویش بە ریسواکردنی گەندەڵیی ناوخۆی حزبەکە، ئەمەش شتێکە بە راستی شیعەی لوبنان پێوەی دەناڵێنن**



حەنین غەدار

خانمە رۆژنامەنووس و توێژەرێکی لوبنانی و هاوڕێی (فریدمان)ـە لە پەیمانگەی واشنتۆن.

رازیکردنی بەرامبەر، پێشبینی دەکرێت سەرچاوەکەی بەهۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی بێت لەگەڵ ریاز، ئەمەش وای کردووە کە ئایندەی سیاسی و ئابوورییەکەی زیاتر پشت بە لایەنە ئەکتیڤەکانی ناوخۆ ببەستێت. هەرچەندە کە حەریری راستەوخۆ شەراکەتی لەگەڵ حزبولڵادا نییە، بەڵام حزبەکەی هاوڕایە لەگەڵ (رەوتی نیشتمانیی ئازاد) کە هاوپەیمانی مەسیحیی حزبولڵایە لە زۆربەی دامودەزگاکاندا، بۆیە چاوەڕوان دەکرێت حزبولڵا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەویش لە رێی خۆنزیککردنەوە لەو هاوپەیمانانەی کە لەگەڵیاندا تەبان.

لە ساڵی رابردوودا لوبنان یاسای هەڵبژاردنی پەسند کرد، ئەمەش دەرفەتی زیاتری بۆ بردنەوەی حزبولڵا رەخساند، بەپێی نوێنەرایەتیکردنی رێژەیی، یاساکە ژمارەی بازنەکانی هەڵبژاردنی لە ٢٦ـەوە بۆ ١٥ کەم کردەوە، لەئێستاشدا دەنگدەران دەتوانن لیستێکی تەواوی حزب هەڵبژێرن و پاڵێوراوێك دەستنیشان بکەن. لایەنگرانی چاکسازیی سیاسی لە لوبنان داوای دامەزراندنی سیستەمێکی رێژەییان دەکرد، کە بەم پێیە هەموو کەمینەو حزبە ناتەقلیدییەکان بتوانن لە ئەنجومەنی نوێنەران کورسی بەدەست بهێنن، لەجیاتی ئەوەی یاسا تازەکە سیستەمێکی سیاسی بێنێتە ئاراوە کە سوودی بۆ دامەزراوەی سیاسیی لوبنان دەبێت، میکانیزمی دەنگی پەسندکراو دەبێتە هۆی هاندانی هاووڵاتیان تاکو بەپێی ناسنامەی تایفەگەریی خۆیان دەنگ بدەن، بە هەمان شێوەش بازنەکانی هەڵبژاردن کە رێکخراونەتەوە لە جاران زیاتر گونجاوترن، ئەمەش بووە هۆی کەمکردنەوەی ژمارەی بازنەکانی تایفە تێکەڵەکان، هەروەها کەمکردنەوەی دەرفەت بۆ





مەهدی عەلی سۆفی هومەر فەتاح

کاندیدی ژمارە ١٨
لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:

دەتوانین لەسەر مافە دەستوورییەکانمان بە یەکدەست و یەکدەنگ داکۆکیکاری سەرسەخت بین. یەکدەنگی و یەکرێزی کورد لە بەغدا زامنی پاراستنی دەستکەوتەکانمانە و تەنیا بەمەش بەرامبەرەکەمان حیسابمان بۆ دەکات. بۆیە دەنگ بە پارتی دیموکراتی کوردستان لیستی ژمارە ١٨٤بدەن.

**لەسەر لایەنە کۆمەکبەخشەکان لە پاریس پێویستە بەڵێنەکانیان رابگرن تا ئەو کاتەی بەیروت چاکسازیی ئابووریی پێویست جێبەجێ دەکات**

**پێشبینی دەکرێت کە حزبوڵا هەوڵبدات زۆرینەی پەرلەمانی بەکاربهێنێت بۆ شەرعییەتدان بە چەکەکانی، حەسەن نەسروڵای ئەمینداری حزبوڵا بەم دواییە جەختی لەوە کردەوە کە رای گشتی دەربارەی ئەم پرسە گۆڕاوە**

**ساڵی رابردوودا لوبنان یاسای هەڵبژاردنی پەسند کرد، ئەمەش دەرفەتی زیاتری بۆ بردنەوەی حزبوڵا رەخساند، بەپێی نوێنەرایەتیکردنی رێژەیی، یاساکە ژمارەی بازنەکانی هەڵبژاردنی لە ٢٦ـەوە بۆ ١٥ کەم کردەوە**

**حزبوڵا لەئێستادا لەگەڵ نەیارە سیاسییەکانی پێشوویدا تەبایە، ئێرانییەکانیش کە پشتیوانیی دەکەن، حەزیان لێیە سەقامگیری لە لوبنان درێژەی هەبێت، لە کاتێکدا کار بۆ ئەوە دەکەن هەژموونی خۆیان لە بەشەکانی دیکەی ناوچەکە جێگیر بکەن**

دروستکردنی هاوپەیمانی لەنێوان تایفە جیاوازەکان، یان هاوکاریکردنی نێوانیان.

بەکورتی، یاسایەکی ئاوا هاتەئاراوە کە رەوشی ئێستا دەچەسپێنێت، لەگەڵ پارێزگاریکردن لە هەمان کەسایەتییە سیاسییە سەرەکییەکان و کۆکردنەوەی لایەنگران بۆ حزبوڵا لە پەرلەماندا، بۆ نموونە، پێشبینی دەکرێت سلێمان فرەنجییەی سەرۆکی مەسیحی کە سەرۆکایەتی رەوتی مەرەدە دەکات و لایەنگری رژێمی ئەسەدە لە سووریا، لە هەڵبژاردنەکاندا بە دەنگی زیاتر سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، لەکاتێکدا پێشبینی دەکرێت کە حەریری بدۆڕێنێت و سەرۆکی دورزەکانیش وەلید جونبوڵات چەند کورسییەك بباتەوە.

پرسیارەکە ئەوەیە دەبێ حزبوڵا چی بکات، ئەگەر لە هەڵبژاردنەکانی مانگی داهاتوو سەرکەوتن بەدەست بهێنێت؟ یەکەم شت نابێ ئەم حزبە لەخۆی بایی بێت، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی نیگەرانیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، رەنگە پەلبکێشێت بۆ ئەوەی کە رۆژئاوا سزای ئابووریی بەسەر لوبناندا بسەپێنێت، لەجیاتی ئەمە، لەوانەیە وا رەفتاربکات وەك بڵێی هیچ رووی نەدابێت، یان حەریری لە پۆستی سەرۆك وەزیران دابنێتەوە، تاکو مۆرکی شەرعییەت بخاتە سەر حکومەتی داهاتوو. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ئەو حزبە و شەریکەکانی لە پەرلەمان لەسەر هەموو شتێك رێکدەکەون، بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە دامەزراندن لە ناوەندەکانی ئاسایش، هەروەها لە شەڕەکانی ناوچەکە و پرسە سیاسییە دەرکییەکان، ئەوا تەنیا حزبوڵا ئەو بڕیارانە دەردەکات. دووەم، پێشبینی دەکرێت کە حزبوڵا هەوڵبدات زۆرینەی پەرلەمانی بەکاربهێنێت بۆ شەرعییەتدان بە چەکەکانی، حەسەن نەسروڵای ئەمینداری حزبوڵا بەم دواییە جەختی لەوە کردەوە کە رای گشتی دەربارەی ئەم پرسە گۆڕاوە، ئەو ئاماژەی بەوە کرد کە زۆرینەی گەلی لوبنان پشتگیریی بەرگری دەکەن لە بەرپەرچدانەوەی ئیسرائیل و قەڵاچۆکردنی تیرۆردا، بۆیە لەبەر سیاسەتی تازەی بێلایەنی کە حەریری پێشنیاری کردووە و بریتییە لەوەی لەمەودوا رووبەڕووی حزبوڵا نەبنەوە، رەنگە بوونی حزبێکی سیاسیی چەکدار بە شێوەیەکی هەمیشەیی چی دیکە نابێتە پرسێکی جێناکۆك، هەر نەبێ لەسەر ئاستی ناوخۆدا.

سێیەم، لەوانەیە حزبوڵا هەوڵبدات گۆڕانکاریی دەستووری ئەنجام بدات بۆ دەستەبەرکردنی دەسەڵات بۆ مەودایەکی درێژ، بۆیە کاتێ (رێککەوتنی تایف)ی تایبەت بە شەڕی ناوخۆی لە ساڵی ١٩٨٩ هەڵوەشاندەوە، دەستی کرد بە دابەشکردنەوەی پەرلەمان تاکو بە یەکسانی نوێنەرایەتیی بدات بە کریستیان و موسڵمانان، واتا هەر یەك لەوانە ٦٤ ئەندام هەڵدەبژێرن لە کۆی ١٢٨ ئەندام پەرلەمان لە دەستەی یاسادانان. لەم دواییەشدا (بزووتنەوەی ئەلئەمەل) کە هاوپەیمانی حزبوڵایە، پێشنیاری کرد تاکو ببێتە سیستەمێکی سێ لایەنە لەنێوان کریستیان و سوننە و شیعە، وێڕای پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بە حزبوڵا و لایەنەکانی دیکەی شیعە، ئەم سیستەمەش بە دڵی سوننە دەبێت، بەڵام دیار نییە ئاخۆ کریستیانی هاوپەیمانی حزبوڵا پشتگیری لەمە دەکەن، یان نا. سەرباری هەموو ئەو شتانەی باسکران، تا ئێستا حزبوڵا رووبەڕووی چەندین کۆسپ دەبێتەوە کە رێگرن لەبەردەم ئەوەی دەسەڵاتی تەواوی بەسەر دامەزراوەکانی دەوڵەتی لوبناندا هەبێت، بۆیە دانایییە بۆ دەوڵەتانی رۆژئاوا کە چارەسەریان هەبێت بۆ تێپەڕاندنی ئەو کۆسپانە، بەتایبەتیش لە کەرتی ئابووریدا. جا لەبەر ئەوەی لوبنان یەکێکە لە دەوڵەتانی زۆر قەرزداری جیهان، بۆیە لە کۆنگرەی کۆمەکبەخشان کە لە پاریس لە ٦ی نیسان سازکرا، توانی کۆمەك بە بەهای ١١ ملیار دۆلار بەدەست بهێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو بەڵێنانەش پەیوەستکران بە چاکسازیی ئابووری و هەیکەلبەندیی سەرەکییەوە کە لە رابردوودا دەرکەوت کە جێبەجێکردنیان زۆر زەحمەت بووە. دوای کۆنگرەکانی پێشووی پاریس، دیار بوو بەیروت شکستی هێنا لە بەدیهێنانی ئەم جۆرە چاکسازییانە، بەڵام پێدەچێت ئەمە نەکرێت، بەهەر حاڵ بەبێ چاکسازیی تەواو لوبنان زیاتر دەکەوێتە نێو قەیرانی سەختی ئابوورییەوە.

دوابەدوای کۆنگرەی ئەم جارەی پاریس، سەرۆك ترەمپ دوای لە بەیروت کرد کە پابەند بێت بە چاکسازییە پێویستەکان وەك نەهێشتنی گەندەڵی و زیادکردنی شەفافییەت و چاککردنی لێپرسینەوەو کارگێڕیی دارایی، هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە ویلایەتە یەکگرتووەکان پشتگیریی هەوڵەکانی لوبنان دەکات بۆ پتەوکردنی دامەزراوە شەرعییەکانی دەوڵەت و پەرەپێدانی ئابوورییەکی ئازادو کراوە کە خزمەتی هەموو لوبنانییەکان بکات.

لەلای خۆیەوە حزبوڵا زیاتر جەخت لەسەر ئەو پرسانە دەکاتەوە، لانیکەم لەسەر ئاستی گوتاردان،

لە ئاداری رابردوودا حەسەن نەسروڵا ئاماژەی بەوە کردبوو کە پێویستە دوابەدوای هەڵبژاردنەکان گەندەڵی قەڵاچۆ بکرێت، هاوکات بەڵێنی دا کە ئەندامانی فراکسیۆنەکەی لە پەرلەمان (فراکسیۆنی وەفا بۆ بەرگری) هەموو کێشە ئاڵۆزەکانی ئابووری چارەسەر بکەن. سەرباری ئەو هەموو پەرەسەندنانەش ئەو دەرفەتە بەسەرچوو کە نەهێڵدرێت حزبولا لەم هەڵبژاردنانەدا سەرکەوتن مسۆگەربکات، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەتوانێت چەند رێکارێك بگرێتەبەر بۆ ئیحتیواکردنی ئەو حزبە لە قۆناخی دوای هەڵبژاردنەکاندا، یەکەم، لەسەر لایەنە کۆمەکبەخشەکان لە پاریس پێویستە بەڵێنەکانیان رابگرن تا ئەو کاتەی بەیروت چاکسازیی ئابووریی پێویست جێبەجێ دەکات، چونکە زۆر لە رێکارانە دەتوانن دامەزراوە شەرعییەکانی دەوڵەت بەگەڕبخەنەوەو یارمەتیدەر بن لە لاوازکردنی لایەنە کاراکانی ناحکوومی، دووەم، لەسەر بەرپرسانی بیانی پێویستە حەریری هان بدەن کە رێگا بە حزبولا نەدات سوود لەو سیاسەتە (بێلایەنی)یە وەربگرێت کە سەرۆك وەزیران خستوویەتەڕوو، هەتا ئەگەر حزبەکە بەردەوام بێت لە پشتگیریکردنی پرەنسیپە گشتییەکانی سەقامگیری و ناتوندوتیژی کە لە پشت ئەو سیاسەتەوەیە، هاوکات دەکرێ بەرنامەکانی بوار بدەنە رۆژئاوا تاکو چاودێریی ئەم سیاسەتە بکەن و پارێزگاری لە دامەزراوەکانی دەوڵەت بکەن.

بەرپرسانی رۆژئاوا دەتوانن حزبولا زیاتر لاوازو پەرتەوازە بکەن، ئەویش بە ریسواکردنی گەندەڵیی ناوخۆی حزبەکە، ئەمەش شتێکە بە راستی شیعەی لوبنان پێوەی دەناڵێنن، واتا رێگە بە حزبولا نەدرێت بەو شەوەیە خۆی وێنابکات کە بەرهەڵستیی گەندەڵی دەکات لە کاتێکدا خۆی لە کردەوەکانی گەندەڵی رووچووە، هاوکات پێشبینی ئەوە دەکرێت کە بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەواڵگری سەبارەت بە دەستکەوتی ناشەرعیی حزبولا و ئەو تاوانانەی ئەنجامیان دەدات ببێتەهۆی شێواندن و لەکەدارکردنی راستگۆیی حزبەکە، لە راستیشدا، زۆر لە دەوڵەتانی رۆژئاوا کاردەکەن بۆ دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوەکانی پارەدارکردن و هاوکاریی حزبولا، چونکە بە رێکخراوێکی تیرۆریستی لەقەڵەم دەدەن، پێویستیشە ئەو فشارانەی لەسەر سووك نەکرێت، ئەگەر هاتوو ئەو حزبە بە زۆرینەی پەرلەمانیش سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.


١٨٤




# ئامینە محەمەد سدیق محەمەد

**کاندیدی ژمارە ٢٠**
**لە لیستی ژمارە ١٨٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

**پارتی دیموکراتی کوردستان خاوەن پرۆژەی جۆراوجۆرە و دەتوانێت خزمەتی دۆزی گەلەکەمان بکات، منیش کاردەکەم بۆ بەشداریی ئافرەت لە بنیادنانی کۆمەڵگەو پێشخستنی وڵات و هەوڵی پاراستنی ماف و ئازادییە دەستوورییەکانی گەلی کورد دەدەم.**